dwaroj.net

دوارۆژ

۲۰۲٦/۱۰/۳۱ـ ۱۰ی خەزەڵوەری ۱٤۰٤ی هەتاوی، ساڵی دەیەم، ژمارەی ۱۵۳



ڕەزا کەعبی: پێگەی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران گۆڕاوە

ڕەزا کەعبی، سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە پێنجەمین کۆڕبەندی چەپدا، بە ئاماژەدان بە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەرییان لەسەر دۆخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وتی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتووەتە ئاستێکی گرنگ و ئەم ناوچەیە لە ئاستانەی قۆناغێکی نوێی سیاسی و شۆڕشگێڕانەدایە. کەعبی لە وتارەکەیدا، بە ئاماژەدان بە ٤۷ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ڕایگەیاند کە حکومەتی ئێران لە سەرەتای دامەزراندنییەوە سیاسەتی سەرکوتی خەڵکی کوردستانی گرتووەتەبەر. بە وتەی ئەو، تەنها یەک ڕۆژ دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ۲۲ی ڕێبەندانی ۱۳۵۷، پرۆپاگەندە .....

2



دوو بژاردەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەبارەی کۆماری ئیسلامی؛ گوشاری نابووری یان هێرشی سەربازی

2




ئێران لە داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی نوێ

4



نەتەوەی کورد، سوژەی دیاریکردنی چارەنووس یان بابەتی ئینتێگراسیۆن لە دەوڵەتەکانی ئێستادا؟

6



ئازادیی ژن: لە ڕزگاربوون لە زاڵبوونەوە تا خۆبڕیاردان و بەشداڕی لە دیاریکردنی چارەنووس

8

کوردستان و خەبات
لەناوجەرگەی سەرکوتدا



ئەگەر پەرتەوازەیی و بێهەڵوێستی وەک پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی بەردەوامیی خەباتی سیاسی لە ئێراندا لەبەرچاو بگیردرێت، ڕۆژهەڵاتی کوردستان نموونەیەکی جیاوازە. لەگەڵ ئەوەی گوشارە ئابووری و ئەمنییەکان، بێکاری، کۆڵبەری، دەستبەسەرکردنی چالاکان و سزای لەسێدارەدان بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، خەباتی سیاسی و مەدەنی لەم ناوچەیەدا بەردەوام بووە. ئەم بەردەوامییە تەنها بەرهەمی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک نییە، بەڵکوو لە تێکەڵبوونی مێژووی ڕێکخستن، بوونی حیزبە سیاسییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی، شوناسی نەتەوەیی و ئەزموونی هاوبەشی سەرکوتەوە سەرچاوە دەگرێت.

مێژووی ڕێکخستن؛ بنەمای بەردەوامیی خەبات

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەوامیی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، مێژووی درێژی ڕێکخستنە. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، لە کۆمەڵە و حیزبی دێموکراتەوە تا ڕێکخراوەکانی دیکە، لە دوای شۆڕشی ۱۳۵۷ەوە ڕووبەڕووی قەدەغەکردن و سەرکوت بوونەتەوە، بەڵام ئەم فشارانە نەیانتوانیوە ئەزموونی ڕێکخراوەیی بە تەواوی لەناو بەرن. بە پێچەوانەوە، بەردەوامیی خەبات وای کردووە تۆرێک لە کادر، چالاکوان، میدیا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دروست بێت کە توانای خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخی جیاوازدا هەبێت.

هاوئاهەنگیی حیزبە سیاسییەکان

هەوڵ بۆ هاوکاریی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕۆڵێکی گرنگی لە بەردەوامیی خەباتدا هەبووە. لە دامەزراندنی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ساڵی ۱۳۹٦ەوە تا پێکهاتنی هاوپەیمانیی حیزبەکانی کوردستان لە ساڵی ۱٤۰٤، هەوڵ بۆ نزیککردنەوەی هەڵوێستەکان و کاری هاوبەش بەردەوام بووە.

سەرەڕای جیاوازیی ئایدیۆلۆژی و سیاسی، حیزبەکان لە هەندێک قۆناغی هەستیاردا توانیویانە لەسەر خاڵە هاوبەشەکان کۆببنەوە و بانگەوازی هاوبەش بڵاو بکەنەوە. وەڵامی خەڵک بە بانگەوازەکانی مانگرتنی گشتی و داخستنی بازاڕەکان لە چەندین شاردا، نموونەیەکە لەوەی چۆن ناڕەزایەتیی ناوخۆیی دەتوانێت ببێتە جوواڵەیەکی هاوبەش و بەرفراوان.


مانگرتنی گشتی؛ ئەزموونێکی سیاسی و مەدەنی

مانگرتنی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامرازێکی ناسراوی ناڕەزایەتیی مەدەنییە. یەکێک لە نموونە دیارەکانی، مانگرتنی خەرمانانی ۱۳۹۷ بوو کە دوای هێرشە مووشەکییەکانی سپای پاسداران بۆ سەر بنکەکانی حیزبە کوردییەکان و لەسێدارەدانی چەند زیندانییەکی سیاسی کورد ئەنجام درا.

2



ناڕەزاییەکان لە ئوروپا لە مافخوازییەوە تا داگیرکاریی ئایدۆلۆژیک



ئەسعەد دروودی کەمانگەر

ناڕەزاییە فراوانەکانی فەرەنسا، کە ئێستە گەیشتووەتە چەندین وڵاتی دیکەی ئوروپا، لە بنەڕەتدا بە ناڕەزایی خوێندکاران دژی کەمبوونی بودجەی ناوەندەکانی خوێندن و نەبوونی مامۆستای پێویست دەستی پێ کرد. ئەم ناڕەزاییانە زۆری نەخایاند کە پەرەی سەند و بوو بە دەربڕینی ناڕەزایی بەرانبەر بە قەیرانە قوواڵە ئابوورییەکان و بەرزیی تێچووی ژیان. ئەم دۆخە گوشاری قورسی خستووەتە سەر چینی کەمداهات و کەلێنە ئابوورییەکانی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندانی لە جاران گەورەتر کردووەتەوە. ئەم قەیرانە لە ڕاستیدا دەرئەنجامی پاشەکشەکردنی دەوڵەتە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، کە چینە هەژار و مامناوەندەکانی کردووەتە قوربانیی قازانجی کۆمپانیا گەورەکان و سەرمایەداریی چاوچنۆک.

ئەم نووسراوەیە، وێڕای پشتیوانی لە مافی ڕەوای خەڵکی مافخواز بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بەرانبەر بە سیاسەتە نامرۆڤانەکانی دەسەڵاتداران، دەیەوێت سەرنج بخاتە سەر دوو مەترسیی سەرەکی کە هەڕەشە لەم بزووتنەوەیە دەکەن: یەکەم، هەوڵی ڕەوتە ڕادیکاڵ و ئیسلامییەکان بۆ بەلاڕێدابردنی ئەم ناڕەزاییە مرۆییانە و، دووهەم، ئەو دابڕانەی لە بەشێک لە هێزە چەپەکاندا ڕووی داوە کە بە ناوی هاوەدەنگیی دژەئیمپریالیزمەوە کەوتوونەتە داوی ئیسلامیزمەوە.

بنەمای ڕەوای ناڕەزاییەکان

خۆپیشاندانەکان لە کێشە ڕاستەقینە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن و لە بنەڕەتدا دژ بە هەڵاواردن، چەوسانەوە و بنەماکانی سیستەمی ستەمکارانەی نیۆلیبراڵن. بەرزبوونەوەی خێرای تێچووی ژیان، داڕمانی خزمەتگوزارییەکانی وەک پەروەردە، قەیرانی نیشتەجێبوون و هەستکردن بە پەراوێزخران، ڕەهەندە سەرەکییەکانی ئەم قەیرانەن. بەتایبەت لاوان هەست دەکەن دەسەڵاتی سیاسی گوێ بۆ داواکارییەکانیان ناگرێ و داهاتوویەکی نادیار و بێهیواییان لەبەردەمدایە؛ ئەوەش کەلێنێکی قوواڵی لە نێوان نەوەی نوێ و سیستەمی سیاسی دروست کردووە.

2

دریژەی سەروتار

هەوڵی ئیسلامی سیاسی بۆ داگیرکردنی ئایدۆلۆژیکیی ناڕەزاییەکان

هاوکات لەگەڵ ئەم ڕاستییە، هەوڵێکی ئاشکرا بۆ داگیرکردنی ئایدۆلۆژیکیی ئەم ناڕەزاییانە لەلایەن ڕەوتە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکانەوە دەبینرێ. ئەوان هەوڵ دەدەن چوارچێوەیەکی ئایینی و توندڕەو بدەنە بزووتنەوەکە و خەباتێکی مافخوازانە بۆ دادپەروەری، بگۆڕن بۆ شەڕی مەزهەبی و تێڕوانینی جەمسەرگیری. لە باتی بەرانبەرکێی سیستەمی نۆئۆلیبراڵیست لەگەڵ خەڵکی چەوساوە و مافخوراو، ئەوان کێشەکە بۆ شەڕی «ڕۆژئاوا» بەرانبەر بە «ئەوانی دیکە» کورت دەکەنەوە تا بەم شێوەیە داواکارییە مەدەنییەکان بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیان بەکار بهێنن.

قەیرانی چەپ و لەبیرکردنی ناسنامەی دادپەروەرانە، سێکۆلار و فێمینیستی

ئەوەی بۆ ئێمەی چەپی کوردستان جێگەی سەرەنج و نیگەرانییە، ئەوەیە کە بەشێک لە هێز و کەسایەتییەکان بە ناوی «چەپ»ەوە بوونەتە هاودەنگی ڕەوتە ئیسلامی و دژەڕۆژاواییەکان. کێشەی سەرەکیی ئەم بەشە لە بزووتنەوەی چەپ تەنها لە تێکەڵبوونی سیاسەتی ناسنامەدا نییە، بەڵکوو لەو دابڕانە قوواڵەدایە کە لە نێوان خەباتی چینایەتی، فێمینیستی و سێکۆلاردا دروست بووە. کاتێک لایەنێک بە ناوی «چەپ» و «دژەئیمپریالیزم»ەوە دەکەوێتە داوی سازش و هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسلامیزمی سیاسی و هێزە دواکەوتووەکاندا، پەیامی ڕەسەنی چەپ کاڵ دەبێتەوە. لە بەرانبەردا، تێڕوانینێکی چەپی سێکۆلار و فێمینیست جەخت لەوە دەکاتەوە کە ڕزگاریی چینی کرێکار و توێژە پەراوێزخراوەکان تەنها بە یەکخستنی تێکۆشان دژی سەرمایەداری، پیاوسالاری و داگیرکاری دەکرێت، نەک بە پشتگوێخستنی یەکسانی و سێکۆلاریزم بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسلامیزم و گوایە بەهێزکردنی بەرەی دژەئیمپێریالیستی. بوژانەوەی ڕاستەقینەی چەپ مەرجە بە گەڕانەوە بۆ سەر ڕێچکەی سەربەخۆیی فکری و دوورکەوتنەوە لە ڕەوتە دواکەوتووەکان.

فریوکاریی ڕاستی توندڕەو و ڕەگەزپەرستان (ڕاسیستەکان)

لایەنێکی تری مەترسیدار لەم ئاڵۆزییەدا، هەوڵی ڕاستڕەوی توندئاژۆ و ڕاسیستەکانە کە دەیانەوێ بە شێوازێکی فریوکارانە، هاوکات کە تەواوی تاوانەکە دەخەنە سەرشانی کۆچبەران، دەیانەوێ وێنەیەکی چەواشەکراو لە هاوسەنگەربوونی چەپ و ئیسلامیزم نیشان بدەن تا لەو ڕێگەیەوە پێگە و دەنگە سیاسییەکانی خۆیان بەهێز بکەن. ئەوان کێشە بنەڕەتییەکانی سیستەمی سەرمایەداری و نۆئۆلیبراڵیزم پشتگوێ دەخەن و تووڕەیی خەڵک ئاراستەی کۆچبەران دەکەن. ناڕەزاییە ڕەواکانی خەڵک لە ئۆروپا پێویستی بە داکۆکیی هۆشیارانە هەیە؛ لە لایەکەوە دژایەتیکردنی سیستەمی ستەمکاریی ئابووری، و لە لایەکی تریشەوە هۆشیاربوونەوە بەرانبەر بەو داوە ئایدۆلۆژییانەی کە دەیانەوێ ئەم بزووتنەوە ئینسانییە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکار بهێنن. تەنها لەڕێگەی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ، سێکۆلار، یەکسانیخواز و دوور لە توندڕەویی ئایینی و ڕاستی توندئاژۆوە دەتوانرێت دادپەروەریی ڕاستەقینە بەدی بێت.

بەرەو دادپەروەریی ڕاستەقینە:

پاراستنی ناڕەزاییە ڕەواکان لە داو و تەڵە ئایدۆلۆژییەکان

ناڕەزاییە ڕەواکانی خەڵک لە ئەورووپا، لەسەر جەستەی قەیرانە قوواڵە ئابوورییەکان و نادادپەروەریی سیستەماتیک هەڵقوڵاون؛ هەر بۆیە، ئەم ناڕەزاییانە لە ئێستادا پێویستیان بە داکۆکییەکی هۆشیارانە و ستراتیژی هەیە. لە لایەکەوە، ئەرکی مرۆڤی چەپ، ئازادیخواز و یەکسانیخواز ئەوەیە کە بێپەردە دژایەتیی سیستەمی ستەمکاریی ئابووری بکات، ئەو سیستەمەی کە سەروەت و سامان لە دەستی کەمینەیەکدا چڕ دەکاتەوە و زۆرینە بەرەو هەژاری دەبات. لە لایەکی تریشەوە، وشیاربوونەوە و هۆشیاریی سیاسی بەرانبەر بەو داو و تەڵە مەترسیدارانەی ئایدۆلۆژیاکان زۆر پێویستە، چونکە هەمیشە هێزە دوورڕووەکان و ڕەوتە پۆپۆلیستەکان هەوڵ دەدەن ئەم بزووتنەوە ئینسانی و جەماوەرییانە بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیان قۆرخ بکەن و بەکاری بهێنن. دادپەروەریی ڕاستەقینە هەرگیز بە بەزەیی سیستەمەکان بەدی نایێت، بەڵکو تەنها و تەنها لەڕێگەی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ، سێکۆلار، یەکسانیخواز و دوور لە هەموو جۆرە توندڕەوییەکی ئایینی و فاشیزمی ڕاستی توندئاژۆوە دەتوانێت سەرکەوتوو بێت؛ بزووتنەوەیەک کە مافی مرۆڤ و کەرامەتی بنچینەییی تاکەکەس بکاتە ڕێنوێن و ڕێگە نەدات هیچ هێزێک ئاراستەکەی بەرەو کاولکاری بگۆڕێت.

ڕەزا کەعبی: پێگەی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران گۆڕاوە



ڕەزا کەعبی، سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە پێنجەمین کۆڕبەندی چەپدا، بە ئاماژەدان بە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەرییان لەسەر دۆخی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وتی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەیشتووەتە ئاستێکی گرنگ و ئەم ناوچەیە لە ئاستانەی قۆناغێکی نوێی سیاسی و شۆڕشگێڕانەدایە.

کەعبی لە وتارەکەیدا، بە ئاماژەدان بە ٤٧ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ڕایگەیاند کە حکومەتی ئێران لە سەرەتای دامەزراندنییەوە سیاسەتی سەرکوتی خەڵکی کوردستانی گرتووەتەبەر. بە وتەی ئەو، تەنها یەک ڕۆژ دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧، پرۆپاگەندە و هێرشە سیاسییەکانی دژی کوردستان دەستیان پێکرد و ئەم ڕەوتەش بە فەرمانی جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا گەیشتە ئاستێکی نوێ.

ئەو بە بەراوردکردنی ئەزموونی کوردستان بە دۆخی فەلەستین، جەختی لەوە کردەوە کە بە بڕوای ئەو، بەردەوامیی خەبات و بەرخۆدانی جەماوەری لە کوردستان وای کردووە کۆماری ئیسلامی نەیتوانێت ئەم بزووتنەوەیە لە ناو ببات یان ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەی لێ بسەنێتەوە.

کوردستان لە قۆناغێکی نوێی سیاسی

سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پێی وایە کە شوێن و قورساییی پرسی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێراندا بە بەراورد بە ڕابردوو گۆڕاوە. بە وتەی ئەو، حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەهۆی پێگەی جەماوەرییانەوە، لە ناو کۆمەڵگای کوردستان و لە ئاستی سەرانسەری ئێرانیشدا کاریگەرییان هەیە؛ بە تایبەتی لە ناو ژنان، کرێکاران و چینە زەحمەتکێشەکاندا.

کەعبی هەروەها ئاماژەی بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کوردستان کرد و وتی، سەرەڕای چەندین دەیە سەرکوت و میلیتاریزەکردنی ناوچەکە، خەباتی نەتەوەیی، کولتوور و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی گەشەیان کردووە. بە بڕوای ئەو، پێگەی ژنان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شوێنی ئایین لە کۆمەڵگای کوردستاندا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

ئەو بە تایبەتی ئاماژەی بە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان کرد و وتی، ئەو دوو ناوچەیە کە لە سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧دا بە بڕوای ئەو لە دەرەوەی بازنەی سەرەکیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا بوون، ئێستا لە پێکهاتەی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتیی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شوێنێکی گرنگیان هەیە.

نەبوونی یەکگرتوویی؛ خاڵی لاوازیی حیزبەکان

کەعبی لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا، نەبوونی یەکگرتوویی لە نێوان حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی بزووتنەوەی کورد ناوبرد.

ئەو بە ئاماژەدان بە دامەزراندنی هاوپەیمانیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان نزیکەی دە مانگ پێش ئەم کۆڕبەندە، وتی ئەم هاوپەیمانییە لە سەرەتادا پێشوازییەکی بەرچاوی لێ کرا و بووە بە ناونیشانێکی جێی متمانە بۆ لایەنە سیاسییەکان و بەشێک لە خەڵکی ئێران. بەڵام بە بڕوای ئەو، هاوپەیمانییەکە هێشتا نەیتوانیوە بە پێی ئەو پێگە و متمانەیەی کە پەیدای کردووە، ڕۆڵێکی کاریگەر و دیاریکراو لە گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا بگێڕێت.

کەعبی پێی وایە یەکگرتوویی و هاوئاهەنگیی حیزبەکان بۆ بەهێزکردنی شوێنی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە.

شۆڕشی ژینا؛ گۆڕانکارییەک کە بەردەوامە

سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە بەشی کۆتاییی وتارەکەیدا، شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی»ی بە هۆکارێکی گرنگی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانا.

بە وتەی کەعبی، کاریگەریی ئەم شۆڕشە تەنها بە ماوەی خۆپیشاندانەکان سنووردار نەبووە، بەڵکوو لە کولتوور، پەیوەندییەکانی ناو خێزان و پێگەی ژنانیشدا بەردەوامە. ئەو ئاماژەی بەوە کرد کە لە ماوەی شۆڕشی ژینادا، ژنیوون بووە بە پێوەرێک بۆ پێشکەوتنخوازی، ئازایەتی و خەباتگێڕی.

کەعبی هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا گەیشتە لووتکەی خۆی، بەشێکە لە گۆڕانکارییە قوواڵە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ناوچەیە.

ئەو لە کۆتاییدا گەشبینیی خۆی بەرامبەر داهاتووی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی و وتی کە بە بڕوای ئەو، کۆمەڵە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە نیشانەی ئەوەن کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستانەی قۆناغێکی گەورەی گۆڕانکارییە. لە هەمان کاتدا، ئەو پێویستیی ئامادەکاریی سیاسی و یەکگرتووییی زیاتر لە نێوان حیزبە کوردییەکاندا بە گرنگ دانا.

دریژەی لاپەڕەی ١

کوردستان و خەبات لەناو جەرگەی سەرکوتدا

لە شۆڕشی ژیناشدا، بانگەوازەکانی مانگرتن چەندین جار دووبارە بوونەوە و حیزبەکان بە جیا یان بە هاوبەشی داوای داخستنی بازاڕ و بەشداریی خەڵکیان کرد. هەروەها، لە خۆپیشاندانەکانی بەفرانباری ساڵی ڕابردوودا، حەوت حیزبی کوردی بانگەوازی هاوبەشی مانگرتنیان بڵاو کردەوە. ئەم ئەزموونانە نیشان دەدەن مانگرتن بەشێکە لە کولتووری سیاسی و ئەزموونی کۆمەڵایەتیی کوردستان.

کۆمەڵگەی مەدەنی؛ تۆڕێکی لە دەرەوەی حیزبەکان

بەردەوامیی خەبات تەنها بە حیزبە سیاسییەکانەوە پەیوەست نییە. ئەنجومەنە ژینگەپارێزییەکان، گرووپە خوێندکارییەکان، کۆڕاندنەوەی ئاگر لە دارستانەکانی زاگرۆس، ناوەندە کولتووریی و ڕێکخراوەکانی ژنان و مامۆستایان، بەشێکی گرنگی تۆڕی کۆمەڵایەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک دەهێنن.

ئەم دامەزراوانە، تەنانەت ئەگەر چالاکییەکانیان ڕاستەوخۆ سیاسی نەبێت، دەرفەتی هاوکاری و پەیوەندیکردن لەنێوان هاوڵاتیاندا دروست دەکەن. هەروەها دەتوانن پردێک بن لەنێوان چالاکانی سیاسی و کۆمەڵگەی ئاسایی و لە کاتی قەیراندا گەیاندنی زانیاری و هاوئاهەنگی ئاسانتر بکەن.

شوناسی نەتەوەیی و یادەوەریی هاوبەش، شوناسی نەتەوەیی و هەستی بەیەکەوەبوون یەکێکی دیکەی ئەو هۆکارانەن کە دەتوانن هاوکاری و بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتی بەهێز بکەن. هەروەها ئەزموونی هاوبەشی سەرکوت، لە لەسێدارەدانی زیندانییە سیاسییەکان و کوژرانی کۆڵبەرانەوە تا هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزبەکان و بەدواداچوونی ئەمنی، بەشێکە لە یادەوەریی کۆمەڵایەتیی خەڵک.

ئەم یادەوەرییە دەتوانێت هەستی هاوبەشی بەهێز بکات و ئەزموونی خەبات لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بگوازێتەوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هەموو هاوڵاتیانی کورد هەڵوێستێکی یەکسانیان هەیە؛ بەڵکوو شوناسی هاوبەش یەکێکە لە بنەماکانی هاوئاهەنگیی کۆمەڵایەتی.

ئەنجام

ئەزموونی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشان دەدات کە بەردەوامیی خەبات تەنها بە ئاستی ناڕەزاییەتییەکان پێوانە ناکرێت، بەڵکوو پەیوەندی بە توانای کۆمەڵگە بۆ پاراستنی تۆڕەکان، گواستنەوەی ئەزموون و نوێکردنەوەی شێوازەکانی ڕێکخستنەوە هەیە. مێژووی ڕێکخستن، هاوئاهەنگیی حیزبەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و شوناسی هاوبەش، ئەو بنەمایانەن کە یارمەتییان داوە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەڕای سەرکوت و فشار، لە قۆناغە جیاوازەکاندا بەردەوام بێت.

دوو بژاردەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەبارەی کۆماری ئیسلامی؛ بەردەوامی گوشارە ئابووریەکان یان هێرشی سەربازی



لەگەڵ بەردەوامبوونی گرژییەکان لەنێوان تاران و واشینگتۆندا، ڕاپۆرتی میدیاکانی ئەمریکا ئاماژە بەوە دەکەن کە دەوڵەتی دونالد ترامپ خەریکی هەڵسەنگاندنی چەندین بژاردەیە لەبارەی کۆماری ئیسلامییەوە. ئەم بژاردانە لە توندترکردنەوەی سزا ئابووریەکان و ئابلۆقەی دەریایی لە تەنگەی هورمزەوە تا هێرشکردنە سەر ژێرخانی مووشەکی، دامەزراوە ئەتۆمییەکان و دامەزراوەکانی پێترۆشیمی ئێران لەخۆ دەگرێت.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری ئەمریکی (ئەتڵانتیک) ترامپ ئەگەری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک هەڵدەسەنگێنێت، ئۆپەراسیۆنێک کە لەوانەیە دوای هەڵبژاردنەکانی کۆنگرەی ئەمریکا ئەنجام بدرێت. هەر لەو پەیوەندییەدا کەناڵی (ئەبیسی) و ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) ئەگەری ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی سەربازی هاوبەشی ئەمریکا و ئیسرائیلیان ئاشکرا کردوە، بەڵام تا ئێستا هیچ بڕیارێکی کۆتایی سەبارەت بە دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان ڕانەگەیەنراوە.

گۆڤاری ئەتڵانتیک لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوەش کردوە ترامپ دوو پێشنیاری جیاوازی لەبەردەمدایە، سکۆت بێسێنت، وەزیری دارایی ئەمریکا، پێداگری لەسەر توندترکردنەوەی گوشاری ئابووری و ئابلۆقەی دەریایی سەر ئێران کردووە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو قەیرانە قوڵە ئابووریەی کە بەڕۆکی بە کۆماری ئیسلامی گرتوە و ڕژیمی خستۆتەتە لێواری داڕمان، لە بەرامبەردا، بنیامین ناتانیاهو، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، داوای گەڕێکی نوێی هێرشە سەربازییە هاوبەشەکانی واشنگتۆن و تەلاویو کردوە بە ئامانجی کۆتایی هێنانی یەکجارەیی و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی.

هاوکات بەشێک لە ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە واشینگتن لەوانەیە هەردوو بژاردەکە پێکەوە جێبەجێ بکات، واتە بەردەوامبوون لە گوشاری ئابووری و لە هەمان کاتدا تاوتوێکردنی هێرشێکی سەربازی قورس، ئەگەرچی هێشتا دیار نییە ئەم ستراتیژییە دەتوانێت تاران ناچار بە پاشەکشە لە داواکارییەکانی لە دانوساندنەکاندا دەکات یا خود نا؟

بە گوێرەی ڕاپۆرتی کانالّی (ئەبیسی)، پلانە سەربازییەکان هێرشکردن بۆ سەر دامەزراوەکانی تایبەت بە پێترۆشیمی و ژمارەیەک لە ناوەندە ئەتۆمییەکانی ئێران لەخۆدەگرێت، هاوکات کەناڵەکە بەشێک لە جووڵە سەربازییەکانی ئەمریکا لە پێگەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشکرا دەکات.

سەرەڕای ئەم جووڵە سەربازیانە نیگەرانییەکان سەبارەت بە ئەگەری پەرەسەندنی شەڕ کاریگەری لەسەر بازاڕی وزە داناوە و نرخی نەوتی بڕێنت گەیشتووەتە نزیکەی ١١٤ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێک. لە کۆتاییدا، ڕاپۆرتەکان نیشان دەدەن کە گوشارەکانی سەر کۆماری ئیسلامی بەردەوامە و بژاردە سەربازییەکانیش لە ئارادایە، بەڵام هێشتا بڕیاری کۆتایی نەدراوە کە ئایا واشینگتن درێژە بە گوشاری ئابووریەکانی دەدات یان دوای هەڵبژاردنەکانی کۆنگرە دەست بە هێرشێکی نوێ دەکاتەوە.

شەڕ تا پرسی ئابووری:فشاری ئابووری لەسەر خەڵک و دوا وتەکانی ترامپ



محەمەد حەکیمی



شەڕ بە هەموو بەشە ناحەزەکانی خۆی لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تەنیوەتەوە و ڕژێمی ئیسلامیی ئێران بە کردەوەکانی وەک پشتگیرییکردنی بەرەی موقاوەمەت و هەناردەکردنی تیرۆر بۆ ناوچەکە و جیهان، هەموو ناوچەکەی تووشی شەڕ و ماڵوێرانی کردووە.

ئابووریی ئێران لە ژێر کاریگەریی شەڕ و گەمارۆکانی ئەمریکادا بووەتە هۆی گرانبوونی هەموو شتێک لەو وڵاتەدا؛ بە گرانبوونی دۆلار، دابەزینی ئاستی دراوی نەتەوەیی و لە هەمووی گرنگتر داخستنی زۆربەی کارگەکان لە شارە جیاوازەکانی ئێراندا. ئەم دۆخە بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران نەتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانی خۆیان دابین بکەن و لەم ناوەدا گەنجان گەورەترین قوربانیی ئەو دۆخەن و ژیانیان بە گشتی تووشی مۆتەکەیەک بووە بە ناوی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران، و هەر ئێستا ڕێژەی خۆکوژی لە نێو گەنجانی ئێرانییدا چەندین قات زیاد بووە و بە هۆی خراپیی ڕێگەوبانەکانەوە ساڵانە دەیان هەزار کەس دەبنە قوربانیی سیاسەتی ڕژێمی ئیسلامیی تاران.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەڕپرسانی ڕژێم باس لە بەرەنگاربوونەوە و ڕێکنەکەوتن لەگەڵ ئەمریکادا دەکەن. ڕژێمی ئیسلامی لە خەوندایە، لە حاڵێکدا ڕێبەرەکەی هێشتا نەیتوانیوە خۆی نیشانی خەڵکەکەی بدات و لە کونەمشکێکدا خۆی حەشار داوە، هەڵبەت ئەگەر لە ژیانیشدا مابێت؛ چونکە تا ئێستا تەنانەت دەنگێکیشی لێ بڵاو نەبووەتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەمریکا لە ڕێگەی دەریا و ئاسمانەوە ئەو ڕژێمەی گەمارۆ داوە و ئێستاش هێدی هێدی خەریکە لە ڕێگەی زەویشەوە گەمارۆی دەخاتە سەر؛ و لەم ناوەدا زۆرینەی شارۆمەندانی خەڵکی ئێران باس لەوە دەکەن کە خۆراک و دەرمانیان دەست ناکەوێت، نرخی دەرمان لە سەدا سێسەد تا پێنجسەد زیادی کردووە و توانای کڕینی دەوا و دەرمانیان نەماوە، و هەروەها خەڵک ناچارن بەشێکی بەرچاو لە شتومەکی پێویستی ڕۆژانەی خۆیان لە سەر سفرەکانیان لا بەن، و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ڤیتامینی تەواو نەگات بە لەشیان و تووشی نەخۆشی بن، و هەر ئێستا لاین کەم ٢٠ ملیۆن لە خەڵکی ئێران تووشی کەمبوونی ڤیتامینن لە لەشیاندا.

لەم ناوەدا «سکووت بێسێنت» وەزیری خەزێنەداریی ئەمریکا گوتی گەمارۆی ئابووریی ئێران سات بە سات تەنگتر دەبێتەوە و تەنانەت هیچ کام لە هاوپەیمانانی ڕژێمیش ناتوانن ئەو وڵاتە ڕزگار بکەن، و هەروەها گوتیشی تا ئەو ساتەی خەزێنەی ڕژێم بە تەواوی بەتاڵ نەبێت و هەموو ڕێگەکانی دارایی ڕژێم نەپچڕێن واز ناهێنن؛ و هەر ئێستا یەکێک لە بانکەکانی عێراقیان کردووەتە ئامانج کە ئەو بانکە عێراقییە پشتیوانیی گرووپەکانی حەشدی شەعبیی دەکرد. وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکا جەختی لەوە کردەوە کە بە کۆکردنەوە و نەهێشتنی ئەو ڕێکخراوانە، خەریکی بنەبڕکردنی ڕەوتی پارە پەیداکردنی ئێرانن و عێراقیش دەبێت ڕێگە بەو گرووپانە نەدات دەستیان بە شوێنە دارایییەکان بگات.

جێگەی ئاماژەیە بە هۆی سیاسەتی خراپ و شەڕ و ئاژاوەنانەوە لە ناوچەکەدا دۆخی ئابووریی ئێران بەرەو داڕمانی گشتی دەچێت. بەڕپرسانی باڵای ڕژێم باس لە بەرەنگاری و شەڕ بە دژی ئەمریکا دەکەن و داواکارییەکیان خستووەتە بەردەم ئەمریکا کە خۆی لە حەوت بەندا دەبینێتەوە، لە بەرامبەردا ترەمپ بێ ئەوەی سەیریشی بکات گوتی: «ئەوانە بۆ خۆتان باشە» و ڕایگەیاند کە دوورگەی هورمز چیتر هیچ گرنگییەکی نەماوە. ئێستا هەموو ڕووداوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە گەڕێکی دیکەی هێرش بۆ سەر ڕژێمی تاران لە ئارادایە و ئەم هێرشە لە ئان و ساتدایە.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز کە ڕۆژنامەیەکی پرتیراژە لە ئەمریکادا، لە بابەتێکدا دەنووسێت: پێنتاگۆن ئامادەکاریی کردووە بۆ وەشاندنی گورزی سەربازی لە ئێران و بڕیارە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا ئەم هێرشە ئەنجام بدات. لە لایەکی دیکەشەوە «بیبی نەتانیاهۆ»ش بە ترەمپی ڕاگەیاندووە کە دەبێت گورزی ئاخیر و دوا گورز، واتە کوشندەترین گورزی سەربازی، لە ئێران بدەن و ئەمجارە بەشی سەرکوتی ڕژێم دەکرێنە ئامانج بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن بێنەوە سەر شەقام و ڕژێم لە ئێران وەدەربنێن.

ئەو ڕۆژنامەیە لە درێژەی بابەتەکەیدا دەڵێت: ئەمریکا پێنج بژاردەی سەربازیی بۆ هێرشکردنە سەر ئێران ئامادە کردووە و هەر ئێستا ئەمریکا خەریکی پرچەککردنی هێزەکانیەتی لە ناوچەکەدا و زیاتر لە ٩٠٠٠ سەربازی شەڕکەری وشکانیی هێناوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و لە ئەگەری دەستپێکردنەوەی شەڕدا، ئێران ڕووبەڕووی کارەساتی گەورە دەبێتەوە. ئەمریکا و ئیسرائیل ئەمجارە شوێنی کۆگاکانی مووشەکی، درۆنی و هەروەها بۆردوومانکردنی کێوی کولەنگ و لێدان لە هێزە سەرکوتکەرەکان (تەنانەت ئەگەر لە ژێر پرد یان قوتابخانە و نەخۆشخانەکانیشدا خۆیان شاردبێتەوە) دەکەنە ئامانج و لەناویان دەبەن و ڕێگە بۆ ڕاپەڕینی جەماوەری لە ئێراندا ئامادە دەکەن؛ و هەروەها ئەوەش لە ئارادایە کە بەشی وزە، نەوت و گاز بکەنە ئامانج و لە ئەگەری وەها دۆخێکدا ئێران تا دەیان ساڵ بەرەو دواوە دەچێت.

شەڕی ئەمجارە زۆر جیاوازە و ئێستا ترەمپ چاوەڕێی ئەوەیە کە هەڵبژاردنی نیوەی خولی کۆنگرێسی ئەو وڵاتە تەواو بێت تا بتوانێت بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات. هەروەها

ترەمپ باس لە «بۆمبی دایک» دەکات کە دەیەوێت بە دژی ئێران ئەو بۆمبە بەکار بێنێت کە دەوترێت لە کاتی کەڵکوەرگرتن لەو بۆمبە، لاین کەم ٥٠٠٠ مەتر بە چواردەوردا بە گشتی لەناو دەبات و دەیسووتێنێت.

هەروەها ئۆرشەلیم پۆست لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بە وتەکانی «ئۆفێر فالک» ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی «نەتانیاهۆ» دەکات کە وتبووی ئیسرائیل زۆر نزیک بووەتەوە لە دۆخی گۆڕینی ڕژێمی ئیسلامیی تاران. ناوبراو جەختی کردووەتەوە کە دەوڵەتی داهاتووی ئێران لەلایەن خەڵکی ئەو وڵاتەوە هەڵدەبژێردرێت و لە درێژەی وتەکانیدا گوتی: کردەوەکانی ئیسرائیل یارمەتیی خەڵکی ئێران دەدات کە بە دژی دەسەڵاتی ڕژێمی ئیسلامی ڕاپەڕن؛ و هەروەها گوتیشی گەمارۆی ئابووریی ئێران بە ڕێبەریی ئەمریکا زۆر سەرکەوتوو بووە، بەڵام فشاری ئابووری پێویستی بە کاتی زیاترە.

ئێران لە داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی نوێ



پەرویز ڕەحیمزادە



لە بیر و ڕوانگەی ئیسلامی ڕژیمی ئێران ئەوان سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیان کردە ئامانجی سەرەکی خۆیان و موژدەی سەرکەوتنی ڕووناکیان بەسەر تاریکی بۆ هەموو جیهان دەنارد. هەست و کاکڵەی زێدەخوازی و فراوانبوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی بۆ سەرتاسەری جیهان ئەم ڕژیمەی لەبەردەم ئەو بژاردە دانا کە سەرەتا دوژمنانی سەرەکی و لەمپەرەکانی بەردەم ئەم پرۆژەیە دیاریی بکات. لەم نێوەدا ئەمریکا وەک دوژمنی دوور، ئیسرائیل وەک دوژمنێکی نزیک و کۆی بەرەی ئازادیخوازانیش وەک دوژمنێکی ناوخۆیی پێناسە بکات. چارەنووسی بەرەی ئازادیخوازانی ناوخۆ کە لە دەستی ئەواندا بوو وە هەموو کەرەسەکانی سەرکوتی ئەوانیان بەدەستەوە بوو، بەڵام بۆ گەیشتن بۆ دوو ئامانجی لەناوبردنی ئەمریکا و ئیسرائیل گەلێک ڕێگە و پلان سەرپێخران. هەوڵدان بۆ بەڕێکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ ڕۆژئاوا لە ڕێگەی دامەزراوەگەلی ئایینی، پێکهێنانی گرووپهەلی چەکدار لە وڵاتانی ناوچەکە بە مەبەستی کۆنترۆڵی وڵاتانی دەوروبەر و یارمەتیدانی هەمەلایەنەی سەرجەمی ئەو گرووپانەی بە هەر جۆرێک دەتوانن دژی ئیسرائیل بوەستنەوە. لەم نێوەدا ئەڵبەتە گرینگترین پرۆژە بۆ کۆتاییهێنان بە پرۆژەی لەناوبردنی دوژمنی نزیک واتە ئیسرائیل دروستکردنی چەکی ناوکیە بۆ ئەو دواڕۆژەی بڕیارە ئەو وڵاتە و دانیشتووانی بۆ هەمیشە لە سەر زەوی بسڕێنەوە.

لە بیر و ڕوانگەی ئیسلامی ڕژیمی ئێران ئەوان سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیان کردە ئامانجی سەرەکی خۆیان و موژدەی سەرکەوتنی ڕووناکیان بەسەر تاریکی بۆ هەموو جیهان دەنارد. هەست و کاکڵەی زێدەخوازی و فراوانبوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی بۆ سەرتاسەری جیهان ئەم ڕژیمەی لەبەردەم ئەو بژاردە دانا کە سەرەتا دوژمنانی سەرەکی و لەمپەرەکانی بەردەم ئەم پرۆژەیە دیاریی بکات. لەم نێوەدا ئەمریکا وەک دوژمنی دوور، ئیسرائیل وەک دوژمنێکی نزیک و کۆی بەرەی ئازادیخوازانیش وەک دوژمنێکی ناوخۆیی پێناسە بکات. چارەنووسی بەرەی ئازادیخوازانی ناوخۆ کە لە دەستی ئەواندا بوو وە هەموو کەرەسەکانی سەرکوتی ئەوانیان بەدەستەوە بوو، بەڵام بۆ گەیشتن بۆ دوو ئامانجی لەناوبردنی ئەمریکا و ئیسرائیل گەلێک ڕێگە و پلان سەرپێخران. هەوڵدان بۆ بەڕێکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ ڕۆژئاوا لە ڕێگەی دامەزراوەگەلی ئایینی، پێکهێنانی گرووپهەلی چەکدار لە وڵاتانی ناوچەکە بە مەبەستی کۆنترۆڵی وڵاتانی دەوروبەر و یارمەتیدانی هەمەلایەنەی سەرجەمی ئەو گرووپانەی بە هەر جۆرێک دەتوانن دژی ئیسرائیل بوەستنەوە. لەم نێوەدا ئەڵبەتە گرینگترین پرۆژە بۆ کۆتاییهێنان بە پرۆژەی لەناوبردنی دوژمنی نزیک واتە ئیسرائیل دروستکردنی چەکی ناوکیە بۆ ئەو دواڕۆژەی بڕیارە ئەو وڵاتە و دانیشتووانی بۆ هەمیشە لە سەر زەوی بسڕێنەوە.

بەڵام پاش نزیک ٥٠ ساڵ لە دەرکەوتنی ڕژیمی ئیسلامی لە ئێران و کۆی ئەو هەوڵانەی بۆ بردنە پێشەوەی ئەو پرۆژە ئەنجامدرا، ئێستا دەبینین کە ئەو بیرۆکەی کە ڕژیمی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتداریێتیدا خۆی بۆ تەرخانکردبوو نەک بەدی نەهات بەڵکوو ڕووداوەکانی پاش ٧ی ئۆکتۆبر و لێکەوتەکانی، نیشانیدا کە نەک سیاسەتی فراوانخوازی و هەناردەی شۆڕش بۆ سەرتاسەری جیهان نە تەنیا وەک بڵقی سەرئاو بوو، بەڵکوو لە ئێستادا داڕشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی نوێ وەک پرۆژەیەکی سەرەتا ئیسرائیلی لە ناوچەکە هەم دەست و باڵی ڕژیمی لە وڵاتانی دەوروبەر کۆتا کرد، لە لایەکی دیکەشەوە پرۆژەی بچووککردنەوەی جوگرافیای ئێرانیش لە بەردەستی ئەو ناوندانەدایە کە بەرەو ئەو ئەنجامە هەنگاو دەنێن، ئێرانی گەورە بەو جۆرەی لە رابردوو ئێستاشدا بوونی هەیە، لە مێژووی ١٠٠ ساڵی رابردوو نیشانیداوە کە ناتوانێ وەک بوونێکی ئاسایی لە ناوچەکە و لە ئاستی جیهانیش ڕۆڵ بگێڕێت.

بەمجۆرە پێدەچێ لە ژووری ستراتژیکەکاندا پرۆژەی داهاتووی دەسەڵات لە ئێران لە فۆرمێکی بچووکتری جوگرافیدا خۆی وێنا بکات کە چیدی لەوە زیاتر نەتوانێ دەستی بە هەموو پێگەکانی گەشە و فراوانخوازی بگات و ببێتە مەترسی بۆ ناوچەکە و جیهان.

"کارەکە تەواو دەکەین" بە تەواوی واتای چییە؟



سۆران محەمەدی



«یان کارەکە تەواو دەکەین، یان دێنە سەر میز و ڕێککەوتن دەکەن.» — تەمپ. مەسەلەکە لەوەدایە کە «تەواوکردنی کارەکە» بە تەواوی واتای چی دەگەیەنێت؟ لەناوچونی توانای سەربازی و ئەتۆمیی ئێران؟ تیرۆرکردنی سەرکردە باڵاکان؟ داڕمانی پێکهاتەی سیاسیی کۆماری ئیسلامی؟ یان ڕەخساندنی دۆخێک کە دەسەڵات ناچار بێت ڕێککەوتنێک قبووڵ بکات کە پێشتر ئامادە نەبوو ملکەچی بێت؟ ئەم ئامانجانە لە یەکدی جیاوازن و بەدیهێنانی یەکێکیان، بە واتای هاتنەدیی ئەوانەی دیکە نییە. سەرکردە و فەرماندەکان دەناسین؛ بەڵام گۆڕینی رژێم بە چ شێوازێک بڕیارە ڕوو بدات؟ ئەگەر ئامانجەکە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بێت لە ڕێگەی بزووتنەوەی جەماوەرییەوە، پرسیاری بنەڕەتیتر دێنە ئاراوە: چ ڕێژەیەک لە فشاری ئابووری، سەربازی و سیاسی، لە چ مەودای کاتیدا و بە چ دەرئەنجامێکەوە دەتوانێت خەڵک بەرەو خۆپیشاندانی بەرفراوان ڕێنمایی بکات؟ چی هۆکارێک دەبێتە هۆی ئەوەی کە ناڕەزایەتییەکان ببنە هۆی گۆڕینی پێکهاتەی دەسەڵات، نەک ئەوەی بە سەرکوتکردنی توند کۆتاییان پێ بێت؟ و بە شێوەیەکی بنەڕەتی چۆن دەکرێت ئەگەری پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان لەگەڵ ئەگەری سەرکەوتنیان لێک جیابکرێتەوە؟ ئاشکرایە کە «کارەکە تەواو دەکەین» دروشمێکی سیاسییە و دروشم جیاوازە لە بەرنامەی کرداری. بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بانگەشەیە، پێویستە لە گشتاندن دوور بکەوینەوە و میکانیزمە ئەگەرییەکانی لێک بدەینەوە. یەکەم: ئەمریکا چ ئامرازێک بۆ لاوازکردنی دەسەڵات و گۆڕینی هاوکێشەکانی هەیە؟ لە ئاستی سەربازیدا، هێرشەکان دەکرێت بە ئامانجی کەمکردنەوەی توانا‌کانی مووشەکی، ئەتۆمی و سەربازی، سنووردارکردنی توانای کرداریی هێزە چەکدارەکان یان زیادکردنی تێچووی بەردەوامبوونی پێکدادان بێت. لە ئاستی ئابووریدا، سنووردارکردنی داهاتەکانی دەسەڵات و سەختتربوونی دابینکردنی سەرچاوەکان دەکرێت فشار دروست بکات. لە ئاستی سیاسی و دیپلۆماسییدا، تەریککردنی نێودەوڵەتی و بەرزبوونەوەی تێچووی درێژەدان بە سیاسەتە هەنووکەییەکان، لەوانەیە هاوکێشەی بەشێک لە دەسەڵات بگۆڕێت. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەم هەنگاوانە لە چ ڕێگەیەکەوە دەبێت دەرەنجامەکەیان بە یەکێک لەم دوو ئەنجامە مەبەستکراوە بگات: گۆڕینی رژێم یان قبووڵکردنی ڕێککەوتنێک کە دەسەڵات پێشتر چەندین جار ڕەتی کردووەتەوە؟ بۆ گەیشتن بە ئەنجامی یەکەم، تەنها لاوازکردنی توانای سەربازی بەس نییە. پێویستە پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لە نێوان فشاری دەرەکی، ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی، یەکگرتوویی یان درز لە پێکهاتەی دەسەڵات و توانای گواستنەوەی دەسەڵاتدا دروست بکرێت. بۆ گەیشتن بە ئەنجامی دووهەمیش، تەنها ئەوە بەس نییە کە تێچووی بەردەوامبوونی پێکدادان زیاد بکات؛ بەڵکو ڕژیم دەبێت بگەیتە ئەو دەرئەنجامەی کە قبووڵکردنی ڕێککەوتن، بەراورد بە بەردەوامبوونی بەرگری، بژاردەیەکی کەمتر تێچوو بۆ مانەوەکەیەتی. دووەم: چ شتێک دەتوانێت ئەنجامەکە بگۆڕێت؟ یەکێک لە بژاردە گرنگەکان، هەڵسوکەوتی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانە. ناڕەزایەتییە بەرفراوانەکان مەرج نییە ببنە هۆی ڕووخانی دەسەڵات؛ هەروەها کە ناڕەزایەتی گشتی بە تەنیا گەرەنتی ئەوە ناکات کە هێزەکانی سەرکوت خۆیان لە جێبەجێکردنی فەرمانەکان بە دوور بگرن. بژاردەیەکی دیکە، یەکگرتوویی لە ناوخۆی دەسەڵاتدایە. ئەگەر ناکۆکی لەسەر درێژەدان بە شەڕ، تێچووەکانی یان داهاتووی ڕێبەری ببێتە درزێکی قوواڵ، ڕەنگە ڕێگەی گواستنەوەی دەسەڵات یان گۆڕینی سیاسەتەکان هاوسەنگتر بێت. لە بەرامبەردا، فشاری دەرەکی دەکرێت ببێتە هۆی بەهێزترببوونی یەکگرتوویی دەسەڵات و زیادکردنی پاساوی سەرکوتکردنیش. هۆکاری سێیەم، بوونی جێگرەوەیەکی سیاسی و توانای ئەو بۆ بەڕێوەبردنی سەردەمی گواستنەوەیە (هەمان مەسەلەی جێگرەوەی گونجاو). تەنانەت ئەگەر پێکهاتەی ئێستای دەسەڵاتیش داڕمێت، مەرج نییە ئەنجامەکە بگات بە دیموکراسی، جێگیربوون یان باشبوونی خێرای دۆخی ژیان. سێیەم: بابەتی «کات» و تێچووی مرۆیی. ناتوانرێت بە پشتبەستن بە بەڵگەکانی بەردەست دیاری بکرێت کە چەند مانگ فشار یان چەند هەفتە هێرشی سەربازی بۆ پێکهاتنی ڕاپەڕینێکی سەرکەوتوو بەسە. چڕیی فشار، ماوەکەی و کاردانەوەی کۆمەڵگە پەیوەندییەکی هێڵی و پێشبینیکراویان نییە. فشاری زیاتر ڕەنگە ناڕەزایەتی زیاد بکات؛ بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێت ترس، شەکەتبوونی کۆمەڵایەتی، کێشەکانی بژێوی و تێچووی ناڕەزایەتیش بەرز بکاتەوە. هێرش بۆ سەر ژێرخانە هەستیارەکان، سەرەڕای دەرئەنجامە سەربازییەکان، دەتوانێت ڕاستەوخۆ ژیانی خەڵکی سڤیل تێک بدات و تەنانەت توانای کۆمەڵگە بۆ ڕێکخستنی سیاسی کەمتر بکاتەوە. بۆیە، دەبێت جیاوازی دابنرێت لە نێوان زیادبوونی ناڕەزایەتی، پێکهاتنی ناڕەزایەتییە بەرفراوانەکان، لاوازکردنی توانای دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیران و بەدیهێنانی گواستنەوەیەکی سەرکەوتووی سیاسی. هیچ کام لەم قۆناغانە بە شێوەی خۆکار قۆناغی دواتر گەرەنتی ناکەن. ڕەنگە نە ڕاپەڕینی جەماوەری ڕوو بدات (یان ڕوو بدات و سەرکوت بکرێت) و نە ڕێککەوتن؛ بەڵکو دەرئەنجامی سێیەم: مانەوەی دەسەڵاتی لاوازکراو، بێ ڕێککەوتن و بێ ڕووخانە. دووانەی «گۆڕینی رژێم یان ڕێککەوتن» ئەگەرێکی سێیەم دەشارێتەوە: دەسەڵات لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە لاواز بێت، بەڵام نە ڕووخاوە و نە ڕێککەوتنی قبووڵ کردووە. لەم دۆخەدا، ناڕەزایەتییەکان یان شێوە ناگرن یان سەرکوت دەکرێن، هێزە ئەمنییەکان یەکگرتوو دەمێننەوە و دەسەڵات تێچووی قورس تەحەمول دەکات و ڕێگەی خۆی درێژە پێ دەدات. ئەم دۆخە گریمانەیەکی خەیاڵی و تیۆری نییە. نموونەی مێژوویی نزیک لەوەوە، عێراقە لە دەیەی ١٩٩٠دا: دەسەڵاتی سەدام حوسەین دوای جەنگی ١٩٩١، گەمارۆ تونەکان و هێرشە سنووردارەکان، ڕاپەڕینە ناوخۆییەکانی سەرکوت کرد و تا ساڵی ٢٠٠٣ مایەوە. بێگومان هەر حاڵەتێکی مێژوویی تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ناتوانرێت ڕاستەوخۆ بەسەر ئێراندا جێبەجێ بکرێت؛ بەڵام ئەوە دەردەخات کە فشاری توند و درێژخایەن مەرج نییە ببێتە هۆی ڕووخان یان خۆبەدەستەوەدان.

دەبێت جیاوازی دابنرێت لە نێوان زیادبوونی ناڕەزایەتی، پێکهاتنی ناڕەزایەتییە بەرفراوانەکان، لاوازکردنی توانای دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیران و بەدیهێنانی گواستنەوەیەکی سەرکەوتووی سیاسی. هیچ کام لەم قۆناغانە بە شێوەی خۆکار قۆناغی دواتر گەرەنتی ناکەن. ڕەنگە نە ڕاپەڕینی جەماوەری ڕوو بدات (یان ڕوو بدات و سەرکوت بکرێت) و نە ڕێککەوتن؛ بەڵکو دەرئەنجامی سێیەم: مانەوەی دەسەڵاتی لاوازکراو، بێ ڕێککەوتن و بێ ڕووخانە. دووانەی «گۆڕینی رژێم یان ڕێککەوتن» ئەگەرێکی سێیەم دەشارێتەوە: دەسەڵات لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە لاواز بێت، بەڵام نە ڕووخاوە و نە ڕێککەوتنی قبووڵ کردووە. لەم دۆخەدا، ناڕەزایەتییەکان یان شێوە ناگرن یان سەرکوت دەکرێن، هێزە ئەمنییەکان یەکگرتوو دەمێننەوە و دەسەڵات تێچووی قورس تەحەمول دەکات و ڕێگەی خۆی درێژە پێ دەدات.

دەرئەنجامەکانی ئەم دەرچەیەش گرنگن؛ تێچووی مرۆیی و ئابووری بێ دەستکەوتی ڕوونی سیاسی، ئەگەری ڕادیکاڵتربوونی سیاسەتەکانی دەسەڵات، و ئەوەی کە دەسەڵاتی لاوازکراو بۆ پاراستنی مانەوەی خۆی پەنا بۆ بژاردەی مەترسیدارتر بەرێت. هەر هەڵسەنگاندنێکی جدی لەسەر دەستەواژەی «کارەکە تەواو دەکەین» دەبێت ئەگەری ئەم دەرئەنجامەش لە بەرچاو بگرێت، نەک تەنیا ئاکامی دڵخوازی بێژەرەکە. لە کۆتاییدا، ئەگەر مەبەست لە «تەواوکردنی کارەکە» شتێک بێت لە دەرەوەی زیانگەیاندنی سەربازی و ئامانجەکەی گۆڕینی رژێم یان ناچارکردنی دەسەڵات بێت بۆ ڕێککەوتن، دەبێت پرسیار بکرێت: چی میکانیزمێکی دیاریکراو بڕیارە هێرشی سەربازی بگۆڕێت بۆ گۆڕانی سیاسی؟ ئایا بیرۆکەکە ئەوەیە کە بە لەناوبردنی سەرکردەکان، پێکهاتەی دەسەڵات تێک دەشکێنرێت؟ ئایا چاوەڕوان دەکرێت فشاری ئابووری ببێتە هۆی ڕاپەڕینی گشتی؟ ئایا ئامانجەکە دروستکردنی درزە لە ناو دەسەڵات و گۆڕینی هەڵسوکەوتی هێزە ئەمنییەکان؟ یان بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئامانجی سەرەکی، لاوازکردنی توانای سەربازیی ئێرانە بۆ ناچارکردنی دەسەڵات بە قبووڵکردنی ڕێککەوتن؟ و ئەگەر هیچ کام لەم میکانیزمە کار نەکەن، بەرنامەی جێگرەوە بۆ ئەو دۆخەی کە دەسەڵات نە دەڕووخێت و نە ڕێککەوتن قبووڵ دەکات چییە؟ ئەمانە گرینگەی جیاوازن و هەرکامیان پێویستیان بە بەڵگە و هەڵسەنگاندنی سەربەخۆ هەیە. خاڵی بنەڕەتی ئەوەیە کە ناتوانرێت تەنها بە دیاریکردنی چەند ئامانجێکی سەربازی و زیادکردنی فشار لەسەر کۆمەڵگە و لە هەمان کاتدا هەڵگرسانی ڕاپەڕینێکی بەرفراوان؛ سەرکوتکردنی سنووردار و گۆڕینی رژێم بەدوای خۆیەوە بێنێت. کەواتە پێش ئەوەی باسی «تەواوکردنی کارەکە» بکەین، دەبێت دیاری بکەین کام کار، بە چ ئامانجێک و لە چ ڕێگەییەکی لێکۆڵینەوەیی و هۆکارییەوە بڕیارە تەواو ببێت. بە پێچەوانەوە، بەس ڕووبەڕووی دروشمێک بووینەتەوە و هیچی دیکە! ئەمەش بڵێم کە ئەگەر بە ڕاستی میکانیزمێکی دیاریکراو بۆ «کارەکە تەواو دەکەین» بوونی هەبێت، ئەوا سروشتییە کە ئێمە لە لایەنە سەرەکییەکانی بێئاگا بین؛ و هەر لەبەر ئەمەشە کە ئەم دەقەم نووسیوە کە «کارەکە تەواو دەکەین» بە واتای چییە و چوناوچۆنە!

نەتەوەی کورد، سوژەی دیاریکردنی چارەنووس یان بابەتی ئینتێگراسیۆن لە دەوڵەتەکانی ئێستادا؟



ئارمان ڕەجەبی



لە قۆناغێکی هەستیاردا کە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ڕوودار و گۆڕانکارییە سیاسییەکانەوە گرێ دراوە، پێویستە بە وردی لە مانا و ئەنجامەکانی چەمکی «ئینتێگراسیۆن» لە چوارچێوەی دەوڵەتەکانی ئێستادا بڕوانین. پرسی سەرەکی ئەوەیە: ئایا ئینتێگراسیۆن ڕێگایەکە بۆ دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد، یان دەکرێت ببێتە جێگرەوەی مافی دیاریکردنی چارەنووس؟

ئینتێگراسیۆن بەخۆی لە هەموو بارودۆخێکدا بە مانای ئاسیلاسیۆن یان توانەوەی نەتەوەیی نییە، بەڵام ئەگەر بەبێ دانان بە مافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی کورد پێشکەش بکرێت، مەترسیی ئەوەی هەیە پرسی کورد لە پرسێکی نەتەوەیی و سیاسییەوە بگۆڕێت بۆ تەنها داواکاریی بەشداری لە دامەزراوەکانی دەوڵەتەکانی ئێستادا مافی دیاریکردنی چارەنووس بنەمایەکی گرنگی یاسای نێودەوڵەتییە. ماددەی یەکی هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان، ئەم مافە بە فەرمی دەناسێنێت. بەڵام دانان بەو بنەمایە نابێت بە شێوەیەکی سادە بە مانای دابینبوونی خۆکارانەی مافی سەربەخۆیی لە هەموو بارودۆخێکدا لێکبدرێتەوە، بەڵکوو جەخت لەوە دەکاتەوە کە چارەنووسی نەتەوەکان نابێت بەبێ ڕەچاوکردنی ویست و مافەکانیان دیاری بکرێت.

ئەزموونی باشووری کوردستان، کە لە دەستووری عێراقدا هەرێمێکی فیدراڵی ناسێنراوە، نیشان دەدات کە دانان بە ماف و دامەزراوەی سیاسیی کوردی دەتوانێت کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر شوێن و دەسەڵاتی کورد هەبێت. لە بەرامبەردا، گۆڕانکارییەکانی ڕۆژاوای کوردستان و ڕێککەوتنەکانی نێوان دەسەڵاتی نوێی سووریا و هێزە کوردییەکان، گرنگیی ئەوە دەردەخەن کە هەر ڕێککەوتنێک دەبێت بە پێوەری پاراستنی مافە سیاسی، نەتەوەیی و ئیدارییەکان هەڵبسەنگێندرێت، نەک تەنها بە دروشمی یەکگرتن و ئاشتی.

مەترسیی سەرەکی ئەوەیە کە ئینتێگراسیۆن، ئەگەر بەبێ گەرەنتییە یاسایی و سیاسییەکان پەیڕەو بکرێت، داواکاریی نەتەوەیی لە ئاستی مافێکی سیاسییەوە بباتە ئاستی بەشداریی تاکەکەسی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا. لەو بارودۆخەدا، ناسنامەی نەتەوەیی، دەسەڵاتی بڕیاردان و توانای کورد بۆ دیاریکردنی داهاتووی خۆی دەتوەنن لاواز بن.

بەڵام چارەسەر لە دوژمنایەتی لەگەڵ هاوژیانی و پەیوەندییە ئاشتییانەدا نییە. کورد دەتوانێت خوازیاری ئاشتی، هاوبەشی و هاوژیانی بێت، بەڵام ئەمانە دەبێت لەسەر بنەمای دانان بە مافە نەتەوەییەکان و ویستی سیاسیی کورد بنیات بنرێن، نەک بە نرخێکی لەدەستدانیان.

لە کۆتاییدا، پرسی کورد نابێت تەنها لە چوارچێوەی ئەوەدا باس بکرێت کە چۆن کورد لە دەوڵەتەکانی ئێستادا جێگیر دەبێت، بەڵکوو پێویستە بپرسین: چۆن مافی کورد بۆ بەشداری لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی دەپارێزرێت؟ هەر ستراتیژییەکی سیاسی کە ئەم پرسیارە لەبەرچاو نەگرێت، مەترسیی ئەوەی هەیە لەبری چارەسەرکردنی پرسی کورد، سنووری داواکارییە نەتەوەییەکانی تەسک بکاتەوە. نەتەوەی کورد نابێت تەنها بابەتی بڕیارەکانی دیکە بێت، بەڵکوو دەبێت خاوەنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێت.

ئازادی لە ڕوانگەی ئارنێت و کێشەی بیرنەکردنەوە

تریفە حەکیمی

کاتێ ژیان تەنها دەبێتە شتێکی ئاسایی بۆ بەردەوامبوون، چ شتێک هێشتا ئێمە وەک مرۆڤ دەهێڵێتەوە؟ کاتێ مرۆڤبوون دەچێتە خانەی دەستوورجێبەجێکردن بە بێ ئەوەی بیر بکەیتەوە چ شتێک دەتوانێ بە ئێمە بڵێت مرۆڤ. بۆ هانا ئارنێت مرۆڤ دەبێ لە نێوان مرۆڤەکانی دیکەدا ببینرێت و ژیان بکات.

جیهانی هاوبەش بە ئامادەبوون، قسەکردن و کردەوە و پێکەوەژیان دروست دەکرێت. ئێمە زۆر جار زیندوو دەمێنینەوە و دروستی دەکەین، دەکەوین، دیسان ڕێ دەکەوین و هەڵدەستینەوە. بەڵام بە باوەڕی هانا ئارێنت مرۆڤ بە کردەوە و بیرکردنەوە دەتوانێ شتێکی نوێ دەست پێ بکات. لە کاتی قسەکردن و کردەوەدا تەنها کارێک کە دەکەین و دەردەکەوێت و دەبینرێت ئەوەیە کە ئێمە کیین. مرۆڤەکان لە زۆر بواردا یەکسان نین. ئارێنت زۆربوون وەک تەگەرەیەک لە بەردەم سیاسەتدا نابینێت و وەک مەرجی سیاسەت دەیبینێت.

ئازادی تەنها هەڵبژاردنی نەهێنی لە چۆلەکەکان یان گوشەگیرییەکانی ئێمەدا نییە. هێزی دەستپێکردنی کارێکی نوێیە لە پاڵ خەون و خەڵکدا. هەر منداڵێک لەدایک دەبێت ئەگەرێکی نوێیە بۆ جیهان. داهاتوو ناچار نییە ببێت بە ئاڵترناتیوی دووبارەکردنەوەی مێژوو، هەر وەک ئەوەی هێگڵ دەڵێت؛ نەتەوەیەک مێژووی خۆی لە یاد بکات ناچار بە دووبارەکردنەوەیەتی.

گۆشەگیری و لەیادکردن ڕێگەی کردەی هاوبەش دەبەستێت و تەنهایی زۆر جار ڕێگەکانت لێ دادەخات. مرۆڤ پێکەوە جوانن بەڵام چیدی لەگەڵ یەک نین و زۆر دوور کەوتوونەتەوە لە یەک. دیارە دۆخی ئێستای ژیان وای کرد کە مرۆڤ دوور کەوێتەوە لە یەکتر و ئەوەش گورزێکی کوشندەی داوە لە ژیانی هاوبەش و پێکەوەژیان. لە دادگاییی ئایشمان لە ئەڵمانیا، ئایشمان نەخشی سەرەکیی هەبوو لە ڕێکخستن و دوورخستنەوەی جوولەکەکان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان و مەرگەکان. ئارێنت لە دادگا کاتێ سەیری قسەکردن و بۆچوون و فکری ئایشمان و بێهێزی لە چاوپێکەوتنی بەرانبەریدا دەکات، ساتێک ڕادەوەستێت؛ تێرامانێکی قووڵ.

بێئەخلاقیی شەڕ واتە چکۆلەکردنی جنایەت؟ نا، هوشداریی ئارێنت سەبارەت بە مەترسیی بیرنەکردنەوەیە، ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مەترسیی ئەوەیە لە ڕێگە بەدیت خەڵکێکی دیکە بیرت بۆ بکەنەوە. بیرکردنەوە تەنها زانیاری نییە. ڕاوەستانێکە بۆ دیتنی جێگەیەکی دیکە و پرسیارکردن بەوەی کە ئایا دەتوانم بە ئەنجامدانی ئەو کردەیە لە پاڵ خۆمدا بمێنم، یان بە کورتییەکەی دەتوانم دوای ئەو کردەیە مرۆڤ بم؟ ئارێنت بەڵێنی کۆتاییهاتن بە ئازار و مەینەتیی خەڵکی جوولەکە یان هەر نەتەوەیەکی دیکە وەک کورد نادات؛ بۆ نموونە لە کاتی دادگاییکردنی سەرانی بەعس لە عێراقدا، زۆر جار ئێمە دیتمان کە زۆر بە ڕاشکاوی دەیانوت کە ئەگەر ئێستەش دەسەڵاتمان هەبێت هەر ئەو جنایەتانە واتە کۆمەڵکوژیی «ئەنفال» و کیمیابارانکردنی کوردستان بە دژی نەتەوەی کورد ئەنجام دەدەین و ئەمەیە کە نە تەنها ئارنێت بەڵکوو کەس ناتوانێ بەڵێن بدات کە کۆتایی بە ئازار و مەینەتیی خەڵک دێت. دادگاییی ئایشمان و سەرانی بەعس زۆر لێک دەچێت، زۆربەیان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە تەنها دەستوورەکانیان جێبەجێ کردوە و ئەمەیە کە دەبێت لەسەری ڕاوەستین و بیری لێ بکەینەوە. ئارنێت باس لە دەستپێکی نوێ دەکات. لە ڕۆژگاری تەنگانەدا چ شتێک ئێمە پێکەوە گرێ دەدات؟



بەڵام ئەو بیرۆکەیەی سەرانی بەعس و ئایشمان زۆر وێک دەچێت؛ لە ڕواڵەتدا دوو وڵاتی جیاواز و دوو بیرۆکە، هەردووکیان کۆمەڵکوژییان ئەنجام داوە و بیرۆکە، هەردووکیان کۆمەڵکوژییان ئەنجام داوە و ئەویتر یەکێکیان جنایەتی هۆلۆکاستی ئەنجام داوە و ئەویتر ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەزاران ژن و منداڵی بێتاوان. دیارە مێژووی مرۆڤ پڕە لەم شێوە جنایەتانە و مێژوو هەمیشە دووبارە بووەتەوە و دەبێت. لە ڕاستیدا دەبێت عەقڵانیەتی خەڵک بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕدرێت.

ئارنێت لە درێژەدا باسی ئازادی دەکات و دەڵێت؛ گرنگترین مەرجی ئازادی و پێویستیی ئازادی تەنها و تەنها ویستی ئازادییە. ئەگەر ماندوێت بزانین ویستی ئازادی لە چ شتێکدا؟ سروشتییە، مافی هەڵبژاردن. کەوایە لە ڕوانگەی ئارنێتەوە ئازادی واتە ویستی ئازاد لە هەڵبژاردندا؛ ئارنێت تەنها مەبەستی هەڵبژاردنی دەوڵەت نییە، بەڵکوو ئەو باس لە ئازادییەک دەکات کە تاک بتوانێ بە ئازادی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت و لە کوێ پێی خۆشە ژیان بکات و مافی چارەی خۆنووسینی هەبێت. ئارنێت لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە بنەڕەتدا بیری ئازادی لە مافی هەڵبژاردندا دەبینرێت، بە دڵنیاییەوە هەڵبژاردنەکانیش لە ڕووی عەقڵانییەتەوەن. ئەگەر مرۆڤ ئەو ئازادییانەی نەبێت، بە دڵنیاییەوە مرۆڤێکی ئازاد نییە.

لە دۆخێکدا کە مرۆڤەکان بە مانای ڕاستەقینەی وشە لە هەژاری و بەربەرییەتدا ژیان دەکەن، ئەوینی ئازادی هیچ مانایەکی نییە...

ئازادی، ئازادبوونە؛ لە سەرەتادا ئازادی واتە ڕزگاربوون لە مانای ترس، ئازادی واتە نەبوونی هەژاری لە وڵاتدا، نەبوونی زیندان و ئەشکەنجەگاکان، واتە هەر مرۆڤێک بتوانێ مافی چارەی خۆنووسینی هەبێت و لە هەر کوێ پێی خۆشە نیشتەجێ بێت یان وڵاتی خۆی پێک بێنێت. جنایەتەکان هاوشێوەن و ئەگەر لە پاڵ ئەوانەدا باسێک لە ڕژێمی ئیسلامیی ئێران بکەین و بەراوردی بکەین لەگەڵ فاشیزمی بەعس و هیتلێر، ئەوا دەبینین ڕژێمی ئیسلامی دەیان جنایەتی لەوە گەورەتر دەرحەقی خەڵکەکەی خۆی ئەنجام داوە و دەتوانین باسی تیربارانکردنی زیاتر لە ١٦ هەزار کەس لە دەیەی شەستی هەتاوی لە تاران و هەروەها کوشتاری دواین خۆپیشاندانی ناوخۆییی ئێران بکەین. ئەگەر بەیانی لە بکەرانی ئەو کردەوانە بپرسین و دادگاییان بکەین، بە دڵنیاییەوە دەڵێن دەستوورمان جێبەجێ کردوە و ئەوەش نیشان دەدات کە عەقڵانیەت لە نێو زۆربەی دەوڵەتەکاندا وەک ڕژێمی ئیسلامیی ئێران بوونی نییە و ئەوان کوێرانە تەنها و تەنها دەستوور جێبەجێ دەکەن، هەر بۆیە دەبێت ئاستی هۆشیاریی خەڵک تا ڕادەیەکی زۆر بچێتە سەرەوە و پێش ئەوەی کارێک ئەنجام بدەن بیر لە کردەوەکانیان بکەنەوە.

مانەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و مەترسییەکانی بۆ سەر گەلی کورد



ڕێبوار سەقز

پێشەکی

پرسی کورد لە ئێران یەکێکە لە بابەتە گرنگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی ناوەندی و بەشێکی زۆر لە جووڵانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کوردییەکان، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە کێشە و ناکۆکییەوە بەردەوام بووە. داواکارییەکانی کورد لە بواری مافە نەتەوەییەکان، ئازادیی سیاسی، بەڕێوەبردنی ناوخۆیی، مافی زمان و کلتوور و بەشداری لە بڕیاردانی سیاسی، بوونەتە بەشێک لە ململانێی نێوان دەسەڵات و هێزە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.

مانەوەی ئەم سیستەمە سیاسییە و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ پرسی نەتەوەیی، دەتوانێت کاریگەریی لەسەر داهاتووی کورد هەبێت؛ بە تایبەتی لە ڕووی مافە سیاسییەکان، ئاسایشی کۆمەڵگە، دۆخی ئابووری، پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و پەیوەندییەکانی نێوان پارچەکانی کوردستان. بۆیە شیکردنەوەی ئەم بابەتە پێویستی بە لێکدانەوەی مێژوویی، سیاسی و مرۆیی هەیە.

١. سەرکوتی سیاسی و سنووردارکردنی مافە مەدەنییەکان

یەکێک لە مەترسییە گرنگەکانی بەردەوامبوونی سیاسەتی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی، بەردەوامبوونی سنووردارکردنی ئازادیی سیاسی و مەدەنییەکانە. ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئاماژە بەوە دەکەن کە کوردەکان، لەگەڵ هەندێک کەمینەی نەتەوەیی و ئایینیی تر، ڕووبەڕووی جیاکاری، دەستبەسەرکردن، دادگاییی ناعادلانە و سزای سێدارە بوونەتەوە.

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی چاودێری مافی مرۆڤ لەبارەی ئێرانەوە، لە ساڵی ٢٠٢٥دا کەمینە نەتەوەییەکان، لەوانە کوردەکان، بەردەوام ڕووبەڕووی جیاکاری و پێشێلکردنی مافەکانیان بوونەوە. هەروەها ڕاپۆرتەکە باسی زیادبوونی سزای سێدارە و بەکارهێنانی تۆمەتە گشتی و ناڕوونەکانی پەیوەست بە ئاسایشی نیشتمانی دەکات.

بەردەوامیی ئەم بارودۆخە دەتوانێت ببێتە هۆی لاوازبوونی بەشداریی سیاسی، ترس لە دەربڕینی ڕای جیاواز، زیندانیکردنی چالاکانی مەدەنی و کەمبوونەوەی متمانەی نێوان خەڵک و دامەزراوەکانی دەوڵەت.

٢. مەترسی لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و مافی زمان

زمان، کلتوور، مێژوو و هەستی هاوبەشی نەتەوەیی بنەمای پاراستنی ناسنامەی کوردین. هەر سیاسەتێک کە دەرفەتی فێربوون بە زمانی دایک، گەشەپێدانی کلتوور، چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکان یان بەشداریی نەتەوەیی سنووردار بکات، دەتوانێت کاریگەریی درێژخایەن لەسەر کۆمەڵگەی کوردی دروست بکات.

لە ئێراندا، کوردەکان و چەند کەمینەی نەتەوەیی تر ڕووبەڕووی کۆمەڵێک سنووردارییی یاسایی و کرداری بوونەتەوە. چاودێری مافی مرۆڤ لە ڕاپۆرتەکانی خۆیدا ئاماژە بە جیاکاریی ڕەگ و ڕیشەیی و نەتەوەیی و سنووردارکردنی چالاکییە کلتووری و سیاسییەکان لە ئێران دەکات.
لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئەم سنووردارییانەدا، مەترسیی لاوازبوونی دامەزراوە کلتوورییەکان، کەمبوونەوەی دەرفەتی پەروەردە بە زمانی دایک و قورسبوونی گواستنەوەی ناسنامە و مێژوو بۆ نەوەکانی داهاتوو هەیە. پاراستنی زمان و کلتوور، لەبەر ئەوەی مافێکی بنەڕەتیی مرۆڤە، پێویستی بە سیاسەتی ڕوون و پشتگیریی یاسایی هەیە.

٣. فشارە ئابوورییەکان و بارودۆخی ژیانی خەڵک

مەترسییەکانی پرسی کورد تەنها لە بواری سیاسی و ئەمنییدا کورت نابنەوە؛ بەڵکو دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتییش بەشێکی گرنگی ئەم کێشەیەن. بێکاری، هەژاری، نەبوونی دەرفەتی کاری گونجاو و کەمیی وەبەرهێنان دەتوانن کاریگەرییەکی قوڵ لەسەر ژیانی خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان دابنێن.

یەکێک لە نموونەکانی ئەم دۆخە، بارودۆخی کۆڵبەرانی کوردە. بەپێی ڕاپۆرتەکانی چاودێری مافی مرۆڤ، کۆڵبەران کە زۆرجار بەهۆی هەژاری و نەبوونی دەرفەتی کاری ترەوە ڕوو لەم کارە مەترسیدارە دەکەن، ڕووبەڕووی تووندوتیژی، بریندارببوون و کوژران لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەبنەوە و دەرفەتیان بۆ وەرگرتنی دادپەروەری سنووردارە.
ئەگەر کێشە ئابوورییەکان و نەبوونی پلانی گەشەپێدانی ناوچە کوردنشینەکان بەردەوام بن، ئەوا دەتوانن هەژاری، کۆچکردنی گەنجان، دابەزینی ئاستی ژیان و لاوازبوونی بنەمای ئابووریی خێزانەکان زیاتر بکەن. چارەسەرکردنی ئەم کێشانە پێویستی بە دەرفەتی کاری یەکسان، وەبەرهێنان، خزمەتگوزاریی گشتی و پاراستنی مافی کرێکاران هەیە.

٤. مەترسییە ئەمنییەکان و کاریگەرییە سنوورییەکان

یەکێک لە بابەتە هەستیارەکانی پەیوەست بە پرسی کورد، کاریگەریی سیاسەتی ئەمنییەتیی ئێران لەسەر کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەرێمی کوردستانی عێراقە. ململانێی نێوان دەسەڵاتی ئێران و هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان، لە هەندێک قۆناغدا بووەتە هۆی هێرشە سنوورییەکان و زیادبوونی نیگەرانی لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە.

لە ساڵی ٢٠٢٣دا، عێراق و ئێران ڕێککەوتنێکی ئەمنیی سنووریان واژۆ کرد و لە ساڵی ٢٠٢٥یشدا گفتوگۆ و هاوکاریی ئەمنیی نێوانیان بەردەوام بوو. ئەم پەیوەندییانە لە چوارچێوەی کێشەی ئاسایشی سنوور و بوونی هێزە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان لە خاکی عێراقدا هەڵدەسەنگێندرێن.

بەردەوامیی ناکۆکییەکان دەتوانێت مەترسیی هێرشە سنوورییەکان، ئاوارەبوون، زیانی مادیی و زیادبوونی فشار لەسەر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان دروست بکات. لە هەمان کاتدا، پێویستە جیاوازی لەنێوان هێزە سیاسی و چەکدارەکان و خەڵکی مەدەنیدا بپارێزرێت؛ چونکە پاراستنی ژیانی خەڵکی مەدەنی و سەروەریی عێراق نابێت ببێتە قوربانیی ناکۆکییە سیاسییەکان.

٥. مەترسییەکان بۆ یەکڕیزی و هاوپەیوەندیی نەتەوەیی کورد

کورد لە چەند دەوڵەتێکی جیاوازدا دەژی و هەر پارچەیەک ڕووبەڕووی بارودۆخی سیاسی و یاسایی تایبەت بە خۆی دەبێتەوە. لەبەر ئەوە، هەر گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیاسەتی ئێراندا دەتوانێت کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی نێوان ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پارچەکانی تری کوردستان هەبێت.
یەکێک لە مەترسییەکان، زیادبوونی فشار بۆ سەر چالاکانی کورد، پەنابەران و هێزە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکانە. مەترسییەکی تریش، بەکارهێنانی جیاوازییە حزبی و سیاسییەکانە بۆ لاوازکردنی هاوکاریی نێوان لایەنە کوردییەکان.
لە بەرامبەردا، هاوپەیوەندیی نەتەوەیی نابێت بە مانای لەناوبردنی جیاوازیی ببرکردنەوە بێت. گفتوگۆ، ڕێزگرتن لە فرەیی سیاسی، هاوکاریی مەدەنی و داننان بە مافەکانی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا دەتوانن بنەمایەکی بەهێز بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی کورد بن.

٦. کاریگەرییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان

پرسی کورد لە ئێران تەنها بابەتێکی ناوخۆیی نییە؛ بەڵکو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەقامگیریی عێراق، هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە. هەر کاتێک ململانێی نێوان ئێران و هێزە ناوخۆیی یان دەرەکییەکان تووندتر دەبێت، مەترسیی زیادبوونی فشار لەسەر ناوچە کوردنشینەکانیش هەیە.
لە ساڵی ٢٠٢٥دا، دوای شەڕی ئێران و ئیسرائیل، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ڕایانگەیاند کە دەسەڵاتی ئێران بە بیانووی ئاسایشی نیشتمانی دەستبەسەرکردن و فشار لەسەر چالاکان و کەمینەکان، لەوانە کوردەکان، تووندتر کردووە.
لەبەر ئەوە، چاودێریی نێودەوڵەتی، بەڵگەکردنی پێشێلکارییەکان، پشتیوانیی یاسایی لە قوربانیان و داواکردنی پابەندبوون بە پەیماننامەکانی مافی مرۆڤەوە گرنگن. لە هەمان کاتدا، هەر هەوڵێکی دەرەکی بۆ کاریگەریدانان لەسەر ئێران دەبێت لە ڕووی یاسای نێودەوڵەتی، سەروەریی دەوڵەتان و ئەنجامە مرۆییەکانیەوە هەڵبسەنگێندرێت.

٧. ئەگەرەکانی داهاتوو و ڕێگاکانی کەمکردنەوەی مەترسییەکان

مانەوەی کۆماری ئیسلامی بە تەنها ناتوانێت داهاتووی پرسی کورد دیاری بکات؛ چونکە ئەو داهاتووە پەیوەندی بە شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات، بڕیاری سیاسی، هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و توانای کۆمەڵگەی کوردی بۆ ڕێکخستن و پاراستنی مافەکانی خۆی هەیە.

بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان، چەند ڕێگایەکی گرنگ هەن:
١. پاراستنی مافی مرۆڤ: داواکردنی کۆتاییهێنان بە سزای سێدارەی سیاسی، دەستبەسەرکردنی نایاسایی و ئەشکەنجە، و دابینکردنی دادگاییی دادپەروەرانە.
٢. پاراستنی زمان و کلتوور: فراوانکردنی دەرفەتی فێربوون و نووسین بە زمانی کوردی و پشتیوانی لە چالاکییە ئەدەبی و کلتوورییەکان.
٣. گەشەپێدانی ئابووری: دابینکردنی دەرفەتی کاری سەلامەت، وەبەرهێنان و خزمەتگوزاریی گشتی بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و مەترسیی کۆڵبەری.
٤. هاوکاریی نێوان هێزە کوردییەکان: زیادکردنی گفتوگۆ و هاوکاری لەسەر بنەمای مافە بنەڕەتییەکان و بەرژەوەندیی خەڵک، بەبێ سڕینەوەی جیاوازییە سیاسییەکان.
٥. پاراستنی خەڵکی مەدەنی: دووركەوتنەوە لە توندوتیژی و هەوڵدان بۆ چارەسەریی ئاشتییانەی ناکۆکییەکان، بە تایبەتی لە ناوچە سنوورییەکان.
٦. بەڵگەکردن و چاودێری: کۆکردنەوەی زانیاریی پشتڕاستکراوە لەبارەی پێشێلکارییەکان و بەکارهێنانی ڕێگاکانی یاسایی بۆ گەیشتن بە دادپەروەری.

ئەنجام

مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەگەر لەگەڵ بەردەوامبوونی سیاسەتەکانی سەرکوتی سیاسی، جیاکاریی نەتەوەیی، سنووردارکردنی مافە مەدەنییەکان و پێشخستنی ڕوانگەی ئەمنییەتی بەسەر داواکارییە مەدەنییەکاندا بێت، دەتوانێت مەترسییە جدییەکانی بۆ سەر کوردانی ئێران و سەقامگیریی ناوچە کوردنشینەکان دروست بکات. ئەم مەترسییانە تەنها لە سنووری ئێراندا نامێننەوە، بەڵکو دەتوانن کاریگەری لەسەر پەیوەندییە سیاسی و ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکەش دابنێن.
بەڵام شیکردنەوەی داهاتوو پێویستی بە جیاکردنەوەی بەڵگە لە ئەگەر و پێشبینی هەیە. مانەوە یان گۆڕانی سیستەمی سیاسی، بە تەنها، دڵنیایی نادات کە مافەکانی کورد دەپارێزرێن؛ بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە هەر سیستەمێکی سیاسی چۆن مامەڵە لەگەڵ مافی نەتەوەکان، یەکسانیی هاووڵاتیان، ئازادیی سیاسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسیان دەکات.
بۆ گەلی کورد، پاراستنی ناسنامە و زمان، بەهێزکردنی دامەزراوە مەدەنییەکان، هاوکاریی سیاسی، گەشەپێدانی ئابووری و پشتبەستن بە بەڵگە و یاسای نێودەوڵەتی، گرنگترین بنەماکانن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکان و پاراستنی مافەکانی نەوەکانی ئێستا و داهاتوو. داهاتوویەکی ئارامتر بۆ کورد پێویستی بە سیستەمێک هەیە کە تێیدا جیاوازیی نەتەوەیی و سیاسی نەک وەک هەڕەشە، بەڵکو وەک بەشێک لە فرەیی کۆمەڵگە بناسرێت.

ئازادیی ژن: لە ڕزگاربوون لە زاڵبوونەوە تا خۆبڕیاردان و بەشداری لە دیاریکردنی چارەنووس





چیمەن جەوانڕوودی

ئازادیی ژن یەکێکە لەو بابەتە بنەڕەتییانەی کە لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و یەکسانیی ڕەگەزیدا باس دەکرێت. بەڵام ئازادیی ژن تەنها بە مانای لابردنی یاسا و ڕێساکانی جیاکاری یان ڕێگریکردن لە توندوتیژی نییە؛ بەڵکو پەیوەندی بەوەشەوە هەیە کە ژن تا چەند دەتوانێت خاوەنی جەستە، بیر، بڕیار و ئاراستەی ژیانی خۆی بێت و بەبێ ترس و ناچاری لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکات.

لە ڕوانگەیەکی تیۆری و کۆمەڵایەتیدا، ئازادیی ژن دەبێت لە پەیوەندیی نێوان تاک، دەسەڵات، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە سیاسی و ئابوورییەکاندا تێبگەین، چونکە سنووردارکردنی ئازادیی ژن تەنها بەرهەمی بڕیارێکی تاکەکەسی نییە؛ زۆرجار لە سیستەمێکی فراوانتری نایەکسانی و پیاوسالاریدا ڕەگی داکوتاوە.

١. چوارچێوەی تیۆری: یەکسانی، خۆبڕیاردان و پیاوسالاری

لە تیۆرییە فێمینیستییەکاندا، ئازادیی ژن لە چەند ڕەهەندێکەوە شرۆڤە دەکرێت. فێمینیزمی لیبراڵ جەخت لەسەر یەکسانیی ژنان و پیاوان لە بەرامبەر یاسا، مافە مەدەنییەکان، دەرفەتی خوێندن، کار و بەشداریی سیاسی دەکات. لەم ڕوانگەیەوە، هیچ جیاوازییەکی ڕەگەزی نابێت ببێتە هۆی بێبەشکردنی ژن لە ماف و دەرفەتەکان.

بەڵام ڕوانگەی فێمینیستییە ڕەخنەییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکسانیی یاسایی بە تەنها بەس نییە. ئەگەر ژن لە یاسادا مافی کارکردنی هەبێت، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەدا بەهۆی بارودۆخی ئابووری، داب‌ونەریت یان بەرپرسیاریی نایەکسانی ماڵەوە نەتوانێت ئەو مافە بەکار بهێنێت، ئازادییەکەی هێشتا سنووردارە.

تیۆریی پیاوسالاریش ڕوون دەکاتەوە کە زاڵبوونی پیاوان تەنها لە ڕێگەی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆوە بەڕێوە ناچێت؛ بەڵکو لە ڕێگەی داب‌ونەریت، پەروەردە، دابەشکردنی کاری ماڵەوە، پەیوەندییە خێزانییەکان و پێناسەکردنی ڕۆڵی ژن و پیاوەوە بەرهەم دەهێنرێتەوە. لەو چوارچێوەیەدا، خۆبڕیاردان واتە توانای ژن بۆ دیاریکردنی خواست و ئارەزووەکانی خۆی و بەڕێوەبردنی ژیانی خۆی؛ ئەوەیە کە بتوانێت بەپێی بڕیار و ئامانجەکانی خۆی کردار بکات و کاریگەری لەسەر ژیانی خۆی و کۆمەڵگە دابنێت.

ئەم دوو چەمکە بنەمای تێگەیشتن لە ژن وەک تاکێکی خاوەن بڕیار و کردار پێکدەهێنن، نەک تەنها کەسێک کە بڕیار و پێناسەکانی ئەوانی تر وەردەگرێت.

٢. ئازادیی جەستە و ژیانی تایبەتی

جەستەی ژن یەکێکە لەو بوارانەی کە دەسەڵات و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی تێیدا دەردەکەوێت. دیاریکردنی شێوازی جلوبەرگ، پەیوەندیی هاوسەرگیری، منداڵبوون و ژیانی تایبەتیی ژن زۆرجار لەژێر کاریگەریی خێزان، داب‌ونەریت، دامەزراوە ئایینییەکان یان دەسەڵاتی سیاسی دەبێت.

ئازادیی جەستە واتە ژن مافی ئەوەی هەبێت بڕیار لەسەر جەستە و ژیانی تایبەتیی خۆی بدات، بە مەرجێک کە مافی ئەوانی تریش پارێزراو بێت. هیچ کەس یان دامەزراوەیەک نابێت بە ناوی شەرەف، نەریت یان بەرژەوەندیی کۆمەڵگا، مافی ژن بۆ بڕیاردان لەسەر ژیانی خۆی لەناو ببات.

بەڵام ئازادیی جەستە تەنها بە نەبوونی زۆر و توندوتیژی بەدەست نایەت؛ پێویستی بە یاسای پارێزەر، دەستگەیشتن بە زانیاری و تەندروستی، و گۆڕینی ئەو بیرکردنەوانە هەیە کە کۆنترۆڵکردنی ژن بە شتێکی ئاسایی دەزانن.

٣. ئازادیی ئابووری و کۆمەڵایەتی

سەربەخۆیی ئابووری یەکێکە لە مەرجە گرنگەکانی ئازادیی ژن. ئەگەر ژن بەهۆی نەبوونی داهات، نەبوونی دەرفەتی کار یان وابەستەیی دارایی ناچار بێت لە پەیوەندییەکی نادادپەروەرانەدا بمێنێتەوە، توانای بڕیاردانی بە شێوەیەکی جدی سنووردار دەبێت.

بەڵام کارکردن بە تەنها بە مانای ئازادی نییە. ژنانی زۆر هەم لە دەرەوە کار دەکەن و هەم بەرپرسیاریی سەرەکیی چاودێریی منداڵان، خانەوادە و کاری ماڵەوە لە ئەستۆ دەگرن. ئەم دابەشکردنە نایەکسانەی کار دەتوانێت کات، وزە و دەرفەتی بەشداریی ژنان لە ژیانی گشتیدا کەم بکاتەوە.

بۆیە، ئازادیی کۆمەڵایەتی پێویستی بە دەرفەتی یەکسان لە خوێندن و کار، مافی مووچەی دادپەروەرانە، پاراستن لە جیاکاری و توندوتیژی، و دابەشکردنی دادپەروەرانەی بەرپرسیارییەکانی ژیان هەیە. کۆمەڵگایەکی ئازاد ئەوە نییە کە ژن تەنها بتوانێت کار بکات؛ بەڵکو ئەوەیە کە بتوانێت بەبێ بارگرانیی نایەکسان، بڕیار لەسەر شێوازی ژیانی خۆی بدات.

٤. ئازادیی فکری و بەرهەمهێنانی زانیاری

ئازادیی ژن ڕەهەندێکی فکریشی هەیە. ژن دەبێت بتوانێت بیر بکاتەوە، پرسیار بکات، ڕەخنە بگرێت و لەبارەی کۆمەڵگا و چارەنووسی خۆیەوە بۆچوونی خۆی دروست بکات.

لە زۆر بارودۆخدا، ژنان تەنها وەک بەشداربوو یان جێبەجێکەری بەرنامەی ئەوانی تر پێناسە دەکرێن. ئەم شێوازە، تەنانەت لە ناو ڕێکخراو و بزوتنەوەیەکی ئازادیخوازیشدا، دەتوانێت سنووری بەشداریی ژنان دیاری بکات. بەشداریی ژن لە خەباتدا بە تەنها بەڵگەی خاوەندارێتیی ئەو بەسەر بڕیار و ئاراستەی خەباتەکەدا نییە.

بۆیە، ئازادیی فکری پێویستی بە دەرفەتی خوێندنەوە، فێربوون، گفتوگۆ و ڕەخنەگرتن هەیە؛ هەروەها پێویستی بەوە هەیە کە ژنان بتوانن ئەزموونەکانیان بگۆڕن بۆ زانیاری و تیۆری، و لە دیاریکردنی پرسیار و چارەسەرەکاندا بەشداریی کاریگەریان هەبێت.

ئەمە بە مانای ڕەتکردنەوەی هەموو بیرۆکە و تیۆرییە پێشووەکان نییە، بەڵکو بە مانای خوێندنەوە، هەڵسەنگاندن و ڕەخنەگرتن لێیانە؛ بۆ ئەوەی ژنان بتوانن بەپێی ئەزموون و پێویستییەکانی خۆیان بیرۆکە و تێگەیشتنی نوێ بەرهەم بهێنن.

٥. ئازادیی سیاسی و بەشداری لە دەسەڵات

ئازادیی سیاسیی ژن بە مافی دەنگدان یان بوونی ژمارەیەک ژن لە دامەزراوەکاندا کۆتایی نایەت. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە:

- ئایا ژنان تا چەند لە دیاریکردنی بەرنامە، پێشینەکان و بڕیارەکاندا بەشداری دەکەن؟
- تا چەند دەرفەتیان هەیە بەرژەوەندی و خواستەکانی خۆیان دەربڕن و کاریگەری لەسەر ئاراستەی سیاسی دابنێن؟

ئامادەبوونی ژنان لە دامەزراوە سیاسییەکاندا گرنگە، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتی بڕیاردان لە دەستی کەسانێکی دیاریکراودا (ئەویش تەنها پیاو) بمێنێتەوە و ژنان تەنها ڕۆڵی جێبەجێکار بگێڕن، یەکسانیی ڕاستەقینە بەدەست نایەت. هەروەها، نابێت بەرپرسیاریی گۆڕینی پەیوەندییە نایەکسانەکان تەنها بخەینە ئەستۆی ژنان؛ حزبوڕێکخراو و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیش دەبێت بەشدار بن.

لە کوردستاندا، ئەزموونی ژنانی بەشدار لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەرفەتێکی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان خەبات و ئازادیی ژنە. بەڵام پێویستە ئەم ئەزموونانە تەنها بە پێوەری بەشداری و قوربانیدان هەڵنەسەنگێنین، بەڵکو دەبێت بپرسین:

- ئایا ژنان توانیویانە لە دیاریکردنی ئامانج، دروستکردنی زانیاری و وەرگرتنی بڕیاردا خاوەن دەسەڵات بن؟

ئەم پرسیارە گرنگە، چونکە ئازادیی ژن نابێت بە ئامانجێکی دووەمین یان بابەتێکی تایبەت بە ژنان دابنرێت. یەکسانیی ڕەگەزی پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی کۆمەڵگەی ئازاد و دادپەروەرە.

کۆتایی

ئازادیی ژن پرۆسەیەکی فرەڕەهەندە کە ئازادیی جەستە، سەربەخۆیی ئابووری، خۆبڕیاردانی فکری و بەشداریی سیاسی لەخۆ دەگرێت. ئەم ڕەهەندانە لە یەکتر جیا ناکرێنەوە؛ چونکە نەبوونی یەکێکیان دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەوانی تر دابنێت.

لە ڕوانگەی تیۆری و کۆمەڵایەتیدا، پێوانەی ئازادیی ژن تەنها ئەوە نییە کە چەندە مافی بەدەست هێناوە، بەڵکو ئەوەشە کە تا چەند دەتوانێت ئەو مافانە بەکار بهێنێت، بڕیار بدات، ڕەخنە بگرێت و لە دیاریکردنی ئاراستەی ژیانی خۆی و کۆمەڵگادا بەشدار بێت.

بەم مانایە، ئازادیی ژن تەنها ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی دەرەکی نییە؛ بەڵکو گۆڕینی ئەو پەیوەندی و پێکهاتانەشە کە توانای بڕیاردان و کردارکردنی ژن سنووردار دەکەن. ئامانجی کۆتایی ئەوەیە کە ژن نەک تەنها وەک بەشداربووی ژیان، بەڵکو وەک خاوەنی بیر، بڕیار و بەشدار لە دیاریکردنی چارەنووسی هاوبەش بناسرێت.

کارەساتی مادەی هۆشبەر لە کوردستان

(کاتێک سەرکوت و کوشتن تەنیا لە ڕێگەی چەکەوە نییە)





گەلاوێژ عەبدیکانی

هەژاری، بێکاری، بەربەستە مەدەنی و کلتوورییەکان و گەشەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان، لەوانە دیاردەی تووشبوون بە مادەی سڕکەر، ژیان و داهاتووی لاوانی کوردستانی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. لەم ڕووەوە گەشەی تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان دەبێ لە پێوەندیدا لەگەڵ ئەو سیاسەتانەدا لێکدانەوەی بۆ بکرێ کە بەرهەمەکەی دەتوانێ ببێتە هۆی لاوازبوونی کۆمەڵگە، لەناوچوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و کەمبوونەوەی توانایی ڕێکخستن و خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی.

لاوان هێزی سەرەکیی هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسین؛ جیلێك کە دەتوانێ بە وشیاری، نوێخوازی و ئیرادە بۆ گەیشتن بە ئازادی، یەکسانی و مافی نەتەوەیی کوردستان تێکۆشان بکات. بۆیە لەمبارەیەوە گیرۆدەبوون بە مادەی سڕکەر ئەم توانایە بە تەواوی لاواز دەکات و بەشێکی گرنگی وزەی جەستەیی، دەروونی و فیکریی لاوان لە ناو دەبات. کەسی تووشبوو دەخاتە دۆخێکەوە کە هەم لە کۆمەڵگە دابڕاوە، و لە هەمان کاتدا کۆی بنەماڵەش دەخاتە پرۆسەی تێکەڵبوون بە ئازارێکی گەورەتر و هێدیهێدی پێکهاتەی بنەماڵەش لەبەر یەک هەڵدەوەشێنێتەوە.

سەرکوت لە هەڵسوکەوت لەگەڵ ناپەزایی جەماوەری، داخوازیی مەدەنی و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بە توندی بەرەوڕوو دەبنەوە و کەشوهەوای چالاکیی ئەو دامەزراوانە بەرتەسک دەکەنەوە، بەڵام لە بەرانبەر گەشەی بەردەوامی مادەی هۆشبەردا هیچ پرۆژەیەکی نییە و پێچەوانەکەی، تووشبوونی لاوانی کوردستانی بەم دیاردەیە وەک یەکێک لە پرۆژەکانی بێهێزکردنەوەی کۆمەڵگە پێناسە دەکات. هەندێک جار ئەویش بە مەبەستی تۆقاندن و نیشاندانی هێزی سەرکوت، کۆمەڵێک کەس بە شێوەی نامرۆڤانە لەسێدارە دەدات کە گوایە پەیوەندییان بە باندگەلی بڵاوکردنەوەی ئەو ماددەیەوە هەیە، لە کاتێکدا کە ئامانجی سەرەکی و کاراکتەرەکانی ئەم پرۆژەیە لە لایەن خودی پڕۆژەمەوە ڕێک دەخرێن.

بەدەستهێنانی ئاسانی مادەی هۆشبەر لە بەرانبەر تێچوویەکی زۆر و دژوار بۆ دەستڕاگەیشتن بە کەرەستەی وەرزشی، پەروەردە و خۆشگوزەرانی، ئەو سیاسەتەیە کە داهاتووی لاوان لە کوردستان بەشێوەی بنەڕەتی دەخاتە مەترسییەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە مادەی هۆشبەر لە زۆربەی شوێنە گشتییەکان بە شێوەیەکی ئاسان بەدەست دێت و هەر ئەمەش ئەو باسە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەوە ڕژێم و کاربەدەستانن کە پەرەپێدەری ئەم دیاردەن لە کوردستان.

لەم نێوەدا کۆمەڵێک بەڵگە و ڕاپۆرتی تایبەت لەمبارەیەوە بوونیان هەیە کە نیشان دەدەن سپای پاسداران لە پشت بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی مادەی هۆشبەر لە کوردستان ڕۆڵی سەرەکیی هەیە. نیگەرانیی کۆمەڵگەی کوردستان لە بارەی پەرەسەندنی مادەی هۆشبەری سەنعەتی و تۆڕەکانی بڵاوکردنەوە، ئەم پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە مەبەستی ڕژێم لە بنەڕەتدا لەم پرۆژەیە چییە؟ لە کاتێکدا ڕژێم بە شێوەیەکی تەواو بەرنامەدارێژراو خەریکی سەرکوتی هەرجۆرە چالاکییەکی سیاسییە و هەڵسووڕانە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆژانە لەگەڵ بەربەست و سانسۆر ڕووبەڕوو دەبنەوە، ساختاری دەسەڵات و سیاسەتی زاڵ لە کوردستان دەیان ساڵە ئەم کۆمەڵگەیەی کردووەتە کێڵگەی لاوازکردن و لەناوبردنی لاوی کورد.

بەبەرەکانێ لەگەڵ پەرەسەندنی مادەی هۆشبەر لە کوردستان تەنیا بە وەڵامێکی چارەسەریی ئاسایی کورت ناکرێتەوە و کۆتاییهێنان یان کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیەش بەشێکی گرنگی بەستراوەتەوە بە مانەوەی ئەو ڕژێمەوە، هەر بۆیە ئەم پرسە پەیوەندی بە داهاتووی لاوی کورد، مانەوەی شوناسی کوردی، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و توانایی کۆمەڵگە بۆ وەستانەوە و داواکاریی مافەوە هەیە. بەم پێیە کۆمەڵگەی وشیاری کوردستان لەمبارەیەوە پێویستی بە پلان، پرۆژە و ڕێکخستنێک هەیە بۆ بەرپرچدانەوەی ئەو سیاسەتانەی ڕژێم کە هەوڵی لاوازکردنی کۆی کۆمەڵگە دەدات. واتە مانەوە و بەردەوامبوونی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ دەیان و سەدان قەیرانی گەورە، درێژە و پەرەسەندنی هەرچی زیاتری مادەی هۆشبەری لێ دەکەوێتەوە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لاوانی کوردستان و داهاتووی ئەم تۆزە گرینگە دەخاتە مەترسییەوە.

سێبەری مەترسییە شاراوەکان لەسەر ڕۆژهەڵات



جەمیل سەرمەستی



جیا لە شەڕی چەکداری و بەرەنگاربوونەوەی جەستەیی کە بەشە دیارەکەیەتی، جۆرێك شەڕی سارد، نادیار و شاراوەش لە نێوان دوو بەرەی شەڕدا دێتە ئاراوە کە لە زۆر کاتدا درێژخایەن و بەرنامەبۆدارێژراوە و وشیارییەکی یەکجار زۆری دەوێ تا پیلانە شاراوەکان بەرپەرچ بدرێنەوە.زۆر ناگەڕێینە دواوە و لە کۆماری ئیسلامییەوە دەست پێ دەکەین؛ بەتایبەت دوای قۆناغی شەڕی چەکداریی چڕوپڕ کە پێشمەرگە تا ڕاددەیەکی زۆر لە خەڵك و خاکەکەی دابڕا و دەستی دوژمن بۆ داڕشتنی پیلانەکانی ئاوەڵاتر بوو و بە هەموو شێوەیەك هێرشی کردە سەر خاك و خەڵکی کوردستان. سەرەڕای ڕاگرتنی چالاکیی پێشمەرگانە و چەکداری لە لایەن کوردەوە، بەڵام ڕق و قینی دەسەڵاتدارانی تاران لە هەمبەر کورد و کوردستان زۆر لەوە زیاتر بوو کە دەستبەرداری پیلانی دوژمنکارانەیان بن؛ هەربۆیە بێجگە لە سێدارە، ئەشکەنجە و زیندانیی تاك و کۆمەڵی ئەو خەڵکە، لە ڕێگەی نەرم و بەخشپەوە بەرنامەیان بۆ داڕمانی کۆمەڵگەی کوردستان و تاکی کورد داڕشت و هەموو ئەو دەسەڵاتەیان بۆ لێدانی بیر، هزر و جەستەی کۆمەڵگەی کوردستان و تەنانەت ژینگەی کوردستان بە کار هێناوە و بە خێراییەکی تەواویشەوە بەردەوامن لە تواندنەوەی هەرچییەك کە کورد و کوردستان لە داهاتوودا بۆ پێشکەوتن، ژیان و تەنانەت بۆ بژیوی ژیانیش پێویستیەتی.

هەر لە پەرەپێدان و هێنانی ماددەی هۆشبەر بۆ کوردستان و بنبڕکردنی توانایی و وزەی لاوانی کوردەوە بگرە، تا هەوڵی تواندنەوەی زمان، فەرهەنگ و کەلەپوورمان، تا دزینی ئاسەوارە کۆن و مێژوویی‌یەکانی ئەم گەلە، تا دەگاتە تێکدانی ژینگە و ئاگرتێبەردانی دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان و لێکەوتەی ڕۆچوونی زەوی و زۆربوونی لافاو و خەسارەکانی، و لێدانی دەیان بەندەاو و وشککردنی ڕووبار و چۆمەکان (کە کاریگەریی یەکجار خراپی لەسەر ژیانی خەڵک و ژینگەی کوردستان داناوە)، و دزینی سەرمایەی سەرەکیی کوردستان واتە ئاو و گواستنەوەی بۆ شارەکانی دیکە؛ هەروەها بە خێراییەکی یەکجار زۆریشەوە خەریکی دزین و دەرهێنانی کانزاکانی ژێرزەویی ئەم نیشتمانەن و قامکیان لەسەر فاکتەرگەلی سەرەکیی کوردستان داناوە کە سەرمایەگەلی سەرەکیی ئەم نەتەوە و نیشتمانەن.

هەوڵ و پەلامارەکانی کۆماری ئیسلامی و بێدەنگی و ناچالاکبوونی بزووتنەوەی کورد بەرەو ئاقارێکی مەترسیدار دەڕوا؛ کە لەوانەیە ئەگەر ئێمە وابێدەنگ بین و بە دڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامیش خێراتر لە جاران خەریکی تاڵانی جەستە و گیانی کوردستانە، شتێکی وامان بە ناوی کوردستان بۆ نەمێنێ کە بۆی شەڕ بکەین. لێرەدا چیرۆکێکم وەبیر دێتەوە کە دەڵێن: دزێك خەریکی بڕینەوەی قوفڵی دووکانێك دەبێ و خەریکە بە مشار دەیبڕێتەوە، کابرایەکی ڕێبوار دەگاتە سەری و پرسیاری لێ دەکا: «مامە گیان، خەریکی چیت؟» کابرای دز لە وەڵامدا دەڵێ: «خەریکی لێدانی سازم.» ڕێبوار لێ دەپرسێ: «ئەی بۆ دەنگی نایە؟» دز دەڵێ: «سبەی دەنگی دەردێ، پەلە مەکە.» ئێستا ئێمەش وابزانم نامانەوێ پەلەی لێ بکەین و دەبێ چاوەڕوانی دەنگی بێدەنگیی داڕمانی ژینگە و ژیانی کوردستان و دەروونی خەڵکەکەمان بین، و کاتێک وەخۆمان کەوین کە ڕەنگە دیر بێ.

لە ڕاستیدا هەرکام لەم خەسارگەلە کتێبێک و سەدان بابەتی پێویستە کە بە وردی شی بکرێتەوە کە چ مەترسیگەلێکی شاراوە بەرۆکی پێ گرتووین و ئێمەی کوردیش هەر بە پێوانەکەی جاران دەیپێوین و زۆرجار دەڵێن شەڕ ماڵوێرانی دێنێ. گەلۆ خەسارناسییەکی ئاسایی دەریناخا ئاخۆ شەڕەکە ماڵوێرانترە یان بێدەنگییەکە؟...

لەگەڵ شەپۆلەکانی شێعری نوێی کوردیی

(١)

لە شێعری «نیما»یی سواڕەوە تا «چرکانە» و «شێت»



ساڵح سووزەنی

بەشی یەکەم؛

ئەگەر شێعری نوێی کوردستانی ئێران لە ڕووی دەقی شێعریی سواڕەوە«وە پێناسە بکەین، دەبێ شێعر بە بەستەیەکی خاوەن کێش و سەروا و وێنە و واتا بزانین بە زمانێکی توکمە و لە پێکهاتەیەکی تەبادا؛

ئەمە ڕەنگە هەمان پێناسە بێ کە مەلای جەزیریش بۆ شێعر هەیبوو و لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ پێناسەی شاعیرانی عەرەب و فارس و تورکی هاوسێ.. بەو جیاوازییەی کە سواڕە وەک نیما(شاعیری فارس) دێڕەکانی کورت و درێژ کردەوە و سەرواشی کردە زەنگی کۆتایی دێڕەکان(یان بە پێی کێشی شێعرەکە بە پێویستی نەزانی؛

«من ئەڵێم پەپوولەیەک فڕی.. بەباڵی سەوز و سوورەوە...

تۆ دەڵێی: چ بوو، پەپوولەیەک فڕی

یا نە، سوورەگوڵ زەردە کەوتە لێوی ناسکی...»

لەم پێناسەداکێش، وێنەی خەیاڵ(ئیماژ)، واتا و پێکهاتە، دەوری سەرەکی دەگێڕن. دوای سواڕە کەسانێکی وەک موئەییدزادە و... هەمان پێناسەیان کردە ڕێباز؛

«یارە ژیکەڵانەکەم !

گوڵم !

بە هەر نیگایێ ، مەوجی چاوە مەستە جوانەکەت ،

دەچێتە ناو دڵم !

هەر بە گوێی دڵم !

گوێ دەگرمە گرفە گرفی شیعرە ئاگرینەکەت .

شیعرە ڕێک و پێکەکەی

بە تاو و تینەکەت !» ..... دەلادە لادە لادە لەچکە

کەسکە تەسکەکەت....» قاسم موئەییدزادە

« وا ئەوین و رازەکانی ئەو دەمانە

رازەکانی ئەو زەمانە

چەشنی ماسی ڕووبە چاوانەی چیا

دێن بەپیری ڕێمەوە

ناخی بیرم پڕ گەرایە و دێمەوە و هەر دێمەوە«

ڕەحیم لوقمانی

واتە نەتەنیا هەوڵی هیچ نوێگەرییەک نەدرا، بەڵکوو واتا و زمانی تۆکمە و پڕەمز و ڕازیی سواڕەش(بڕوانینە خەوەبەردینە) هاتە ئاستێکی نزمتر. لە ڕاستیدا ڕێڕەوانی ڕێبازی سواڕە نەک نەیانتوانی شێوازیی سواڕە هەڵکێشنە سەرەوە، بەڵکوو بۆ چەند پلە خوارتر دایانبەزاند.

جەلالی مەلەکشا بەڵام بە سادەترکردنەوەی زمانی سواڕە و پەرەپێدان بە کێشی بڕگەیی(خۆمالێی) و چەند کێشیی، واتای «سەریح» و ئوستووڕەسازیی، هەنگاوێکی دیکەی ناو لە پانتایی شێعری بەرگریدا خۆی سەقامگیرکرد؛

«من چۆلەکەی باڵشکاوی وەرزی ڕەشی گەردەلوولم

ڕۆحم لەگەڵ ئارامشدا

زەوی تا ئاسمان دووڕە« جەلال مەلەکشا- زڕەی زنجیری وشە دیلەکان

جەلالیش بەهەموو سۆز و گەرمای شێعرەکانیەوە.. لە هەمان پێناسەدا سووڕایەوە و جەسارەتی تاقیکردنەوەی لە پێناسەیەکی دیکەدا نەبوو. بەلام بە گرینگی پێدان بە بەشی واتایی لەو پێناسەدا و هەوڵدان بۆ دەروونیترکردنەوەی وێنەکان (لە شێعرەکانی دواییدا) خۆی هێنایەقۆناخێکی دیکە:

« بەوەرزی زریاندا ڕەت دەبم

هەتا دێم هەستمەوە

شەپۆلێ بەسەرما دەڕووخێ

ئەمخاتە گێژهنی بێ ئەمان... دەرفەت - جەلال مەلەکشا- هەمان سەرچاوە

« من ڕێبوارێکم ئەناسی

بە درێژایی ڕێگە تەنانەت نەیتوانی

لەسێبەری وەڵامێکدا

نەختێ ماندوویی خۆی دەرکا

سەرەنجام لە ڕێگە عاسی ی

خۆی بە ئاڵقەی پرسیارێکەوە هەلواسی. سەرەنجام- هەمان سەرچاوە

شێعری جەلال مەلەکشا شێعری قۆناغی گۆڕانە

گۆڕان بەرەو گرینگی پێدان بە فۆرم و پێکهاتە لای شاعیرانێکی وەک مارف ئاغایی، فەرەیدوون ئەڕشەدی و کامبیز کەریمی و... کە شەپۆلێکی دیکەیە لە ڕەوتی نوێخوازیی شێعر لە کوردستانی ئێران؛

« هەور؛ کامێرا

بڕووسکە؛ فلاش

نم نمەی باران

بۆ شوشتنەوەی..

دڵی منیش قاپ..» مارف ئاغایی - زەوی سەخت و ئاسمان دوور

دەبینین کە نیشانەی وێکچوویی و سەروا، بۆ دەنگدانەوەی دوایی دێڕەکان، نەماون و شاعیر بۆ وێنەسازیی بە لەونێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ شت و دیاردەکان دەکا و هەوڵی متمانە بە وشە(زمان) بۆ پێکهاتەیەکی پتەو بەرچاوە؛

« چۆن ئەتوانی لە نیشتمانی شێعردا سەرهەڵبدەی

گەر نەتوانی متمانە بە وشە بکەیت؟» هەمان سەرچاوە

فەرەیدوون و کامبیز متمانە بە وشەی ئاسایی و زمانی گفت ئەکەن و هەوڵی سڕینەوەی کێش و زۆرجاران وێنەش ئەدەن.. تۆ بڵێی شێعر بە لەدەست دانی ئەو دوو گرینگە هەر شێعر بێ؟

« عایشە ئەڵێن

ژنان بێ ترس لەبەر باران ڕووت ئەبنەوە

دڵدارەکان لەسەر شەقامەکان

تێرتێر ماچی یەکتر ئەکەن

لە هەر کوێ با دەرفەتی بێ

نەوازشتی کوڵم و قژی زێوین ئەکا

ئەڵێن ئارەق هەیە وەک چاوی قڕژانگ»

«گرفتاری چیت خانە خەراب.. گرفتاری چیت وس س س.. عایشە ئەدوێ» عایشە - کامبیز کەریمی

« بە چی ئارام دەگری دڵەڕاوکێی دایک

بە چ مووسیقایەک دەنوێ فەرخەماسی؟

لە چی ناسڵەمێتەوە مامزێکی تەنیا

کە من پێی نەزانم؟» - با- فەرەیدوون ئەڕشەدی

دەقی فەریدوون و کامبیز ڕەنگە سەرەتاکانی شێعری سپی و زمانی گفت بن و ژیلا و هاوڕێیانی(وەک پێڕەوانی فرووغ) هەر لەناو ئەو پێناسەدا هەوڵی سازکردنی زمانێکی ژنانەیان دا؛١٠

« دەستەکانت بۆنی بێگانانی لێداێ»

« ئەو ئێوارە شار بۆنی تاوانی دەهات/ هەر نفرەت و بێزارییان خەڵات کردم» ژیلا- گەشەی ئەوین

هەر لەم قۆناغەدا بەڕێزان بێهزادکوردستانی، ئیبراییم ئەحمەدی نیا، ئازادرۆستەمی،ئەیاز خوونسیاوەشان و هاوڕێیانیان بە گرینگیدان بە وێنەی خەیاڵ لە هەمان پێناسەدا شێعرگەلی ئیماژیستی ئەخولقێنن؛

« چ هێرشتان باقی ماوە؛

دیواری خاچ!

تاعوونی لاڵ!

تۆفانی کەڕ!

خەنجەری کوێر!

من ئامادەم» بێهزاد کوردستانی - یاخی بوون- غارەتی شەمامە

« ژیان کەرۆێشکەی مەزراکانی خەونە/ لە کیشوەری داسا»

«دەف کە هاژەی بێ / هاواری بێزاریی مەڕھ /لە بریسکەی چەقۆ»

« ئێوە نەبوون / سەرتان وەرزی سێبەر/ لە زەماوەندی شەیتانا / هەڵپەڕین»

«چواڵە چرۆی کرد/ تارای شکۆفەی کردە بەر بەیێلن ئاسمان نوقڵی تەرزە دابارێنێ» چرکانە مەداری زوقم- ئیبراییم ئەحمەدی نیا

درێژەی هەیە..

سیندرێلا؛ دە ساڵ دوای شووکردن



چیستا یەسڕێبی
وەرگێڕ: بێگەرد سووزەنی

سیندرێلا ئەو ڕۆژە چێشتەنگاو لە خەو هەستا، قاوەڵتیی هەموو خێزانی ناومالێی دا، قاپەکانی شۆرد، دوایی دەستی دایە پاککردنی بڕێ سەوزە، بۆ نیوەڕۆ چێشتەکەی ساز کرد. هەموو هاتن و نانیان خوارد، دوایی سیندرێلا هات دیسان هەمووی قاپەکانی شۆردەوە. ئەوانیش خەوتن. سیندرێلا بە گسک و تۆزتەکێن کەوتە ناو ماڵ، دوایی جلەکانی شۆرد و لە بەر هەیوان هەڵیخستن. دوایی هەموویان هەستانەوە و داوای شێویان کرد، سیندرێلا شێویانی دا و دیسانەوە قاپەکانی شۆردەوە.

کۆتاییی شەو کە هەمدیسان گشتیان خەوتبوون، ئەو گوێی بە هەناسەی هێوری منداڵەکان و دەنگی پرخەی مێردەکەی دەدا و لە ڕووناکیی ژووری پشتەوە خەریکی ئوتوو و دەقکردنی جلەکان بوو و لە میشکیدا کارەکانی ڕۆژی دوایی لە بەر خۆیەوە دەوتەوە: «دەبێ بۆ کچەکەم لیمۆ بکڕم، کچەکەم لیمۆی پێ خۆشە، بۆ دۆکوڵیویش هەموو شتێکمان پێویستە، قەندیشمان تەواو بووە، دووسبەی میوانمان بێت قەندمان نییە...» دوایی بە شوێن پەڕە کاغەزێکدا گەڕا تا هەموو پێداویستییەکانی تیا بنووسێت، دەرگای دۆڵابە کۆنەکەی ئاوەڵا کرد تا بە بێدەنگی کاغەزێک بدۆزێتەوە. لەناکاو تاکە پێڵاوێکی بچکۆلەی بلووری لە دۆلابەکە کەوتە خوارەوە.

سیندرێلا پێڵاوەکەی هەڵگرت. چاوێکی لێ کرد و نوقمی بیرەوەریی دوور بوو، بزەیەک کەوتە سەر لێوی. هیچ شتێک نەگۆڕدرابوو. ئەگەرچی ساڵانێکی زۆر بە سەر کاتی دەستپێکردنی ژیانی هاوبەشییەکەی لەگەڵ شازادەی چیرۆکەکاندا تێپەڕیبوو، بەڵام ئەو بەردەوام سیندرێلا بوو و دەبێ هەستی بە کامەرانی بکردایە.

«سیندرێلا...»

دەنگی مێردەکەی لە بێدەنگیی شەودا دایچڵەکاند. لەناکاو پێڵاوە بلوورەکە لە دەستی کەوتە خوارەوە و بوو بە هەزار لەتەوە و لە سەر زەوی تەنیا هاڕیاوێکی سپی بە جێ ما؛ وەکوو ئاردێک کە ئەو ڕۆژە دایناببوو تا بۆ منداڵەکانی کێک ساز بکات.

DwaRoj

بۆ خوێندنەوەی دواڕۆژ لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت
سەردانی www.komala.com بکەن
پەیوەندی dwaroj.net

سەرنووسەر:
محەمەد حەکیمی
هەڵەچن:
سۆران محەمەدی

بۆ یادی بەرز و بەڕێزی دکتۆر جەعفەر شەفیعی؛ پزیشک، بیرمەند و یەکێک لە ڕێبەرانی ناسراوی کۆمەڵە



دکتۆر جەعفەر شەفیعی یەکێک لە کەسایەتییە سیاسی و فکرییە ناسراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە ژیانی خۆی بۆ خەباتی سیاسی، ئازادی، بەرابەریی کۆمەڵایەتی و مافەکانی خەڵکی کوردستان و چینە هەژارەکان تەرخان کرد. ئەو کە لە بواری پزیشکیدا خوێندەواری کردبوو، لە درێژایی ژیانی سیاسییدا وەک نووسەر، وەرگێڕ، ڕۆژنامەنووس و یەکێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ناسرا.

لەدایکبوون و سەرەتای ژیان

دوکتور جەعفەر شەفیعی ساڵی١٣٣٠ی هەتاوی، لە شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە خێزانێکی ئایینی و خوێندەواردا لەدایک بوو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی خۆی لە بۆکان تەواو کرد و ساڵی ١٩٧٠ بۆ درێژەدانی خوێندن چووە زانکۆی پزیشکیی تەورێز.
لە ماوەی خوێندنی زانکۆدا، لەگەڵ بیرۆکە چەپ و مارکسیستییەکان ئاشنا بوو و هەر لەو سەردەمەدا دەستی بە چالاکیی سیاسی کرد. بەهۆی ئەم چالاکییانەوە بوو بە یەکێک لە چالاکانی بزوتنەوەی خوێندکاری لە زانکۆی تەورێز و دواتر پەیوەندیی بە ڕێکخراوی کۆمەڵەوە کرد.
زیندان و دەستپێکردنی خەباتی سیاسی
ساڵی ١٩٧٢، لەلایەن ساواکەوە دەستبەسەر کرا و بەپێی سەرچاوە ژیاننامەییەکان، بۆ ماوەی شەش مانگ ئەشکەنجە درا. بەڵام ئەم زیندان و ئەزموونە نەیتوانی چالاکییە سیاسییەکانی بوەستێنێت.
ساڵی ١٩٧٧، لە چوارچێوەی ئەرکێکی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە، ڕوویکردە باشووری کوردستان و لەوێش بەردەوام بوو لە چالاکیی سیاسی و پەیوەندیگرتن لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکان.
ڕۆڵی دکتۆر جەعفەر شەفیعی؛ لە شۆڕشی گەلی کوردستان
دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران و دەستپێکردنی خەباتی جەماوەری لە کوردستان، دکتۆر شەفیعی بوو بە یەکێک لە کەسایەتییە کاریگەرەکانی بزووتنەوەی سیاسیی ئەو سەردەمە. لە شارەکانی بۆکان، مەهاباد و سەقزدا، وەک نوێنەر و بڵاوکەرەوەی سیاسەت و بۆچوونەکانی کۆمەڵە چالاکیی کرد.
لە هاوینی ساڵی ١٩٧٩دا، لە کاتی ئاڵۆزییەکانی نێوان هێزە کوردییەکان و حکومەتی نوێی کۆماری ئیسلامی، وەک نوێنەری کۆمەڵە هەڵبژێردرا بۆ بەشداریکردن لە «هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد. ئەم هەیئەتە بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی پێکهاتبوو و دکتۆر شەفیعی یەکێک لە ئەندامانی بوو.
هەروەها لە شاری بۆکان ڕۆڵی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی (نەخۆشخانەی گەل)ی گێڕا؛ دامەزراوەیەک کە ئامانجی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پزیشکی بە خەڵکی شار و گوندەکان، بە تایبەتی هەژاران و کەسانی کەمداهات بوو.

ڕۆڵی میدیایی و فکری

یەکێک لە گرنگترین بەشەکانی چالاکیی دکتۆر شەفیعی، کاری میدیایی و ڕۆشنبیریی بوو. ئەو ماوەیەکی درێژ سەرنووسەری ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێران(ڕادیۆی کۆمەڵە) و گۆڤاری (پێشڕەو) بوو و لە چەندین بڵاوکراوەی حیزبیی تردا ڕۆڵی چالاکی هەبوو.
هەوڵی دەدا میدیا تەنها ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بانگەشەی سیاسی نەبێت، بەڵکو ببێتە ئامرازێک بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، ناساندنی ماف و بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و چینە هەژارەکان و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی سیاسی.
لە بواری نووسین و وەرگێڕانیشدا چالاک بوو. وەرگێڕانی کتێبی «دەروونپزیشکیی زانستی» لە کاری وەرگێڕانی ئەودا هاتووە. هەروەها نووسین و لێکدانەوەکانی لەسەر سۆسیالیزم و بزووتنەوەی چەپ بەشێک لە میراتی فکریی ئەو پێکدەهێنن.
لە چالاکی حیزبییەوە تا کۆتایی ژیان
دوکتور جەعفەر شەفیعی؛ لە ساڵی ١٩٨٢دا، وەک یەکەم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بۆ ئەوروپا نێردرا و لەوێ کاری پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیی دەرەوەی وڵات، هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان و میدیای ئەوروپایی بەڕێوە برد.
کۆتایی ژیانی دکتۆر جەعفەر شەفیعی لە ٧ی خەزەڵوەری ١٣٦٦ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٧، لە ڕووداوێکی هاتووچۆ لە نزیک شاری تەکریتی عێراقدا هات. ئەو کاتە تەمەنی نزیکەی ٣٦ ساڵ بوو.

میراتی سیاسی و مێژوویی

دکتۆر جەعفەر شەفیعی لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا وەک کەسایەتییەک دەناسرێت کە پزیشکی و چالاکیی سیاسی و کاری فکریی لە یەک کەسدا کۆکردبووەوە. گرنگیی ژیانی ئەو تەنها لە پۆست و ئەرکە حیزبییەکانی نەبوو، بەڵکو لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، خزمەتکردنی خەڵکی هەژار، بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی کوردستان و کاری میدیایی و ڕۆشنبیرییدا دەردەکەوت.
بەڵگە و یادەوەرییە مێژوویییەکانی سەبارەت بە ژیانی، وێنەی کەسایەتییەکی پێشکەش دەکەن کە لە ماوەیەکی کورتدا لە بواری پزیشکی، سیاسەت، ڕۆژنامەنووسی و بیرکردنەوەی چەپدا کاریگەریی دانا و ناوی وەک یەکێک لە ڕێبەرانی نەوەی یەکەمی کۆمەڵە لە مێژووی سیاسیی کوردستاندا مایەوە.

دواستوون

گرانی لە لووتکە و گیرفانی بەتاڵ



ژیلا ئەحمەدی

لە ماوەی ڕابردوودا، ئابووری ئێران ڕووبەڕووی قەیرانێکی قوواڵی گرانبوون و هەڵاوسان بووەتەوە؛ بە شێوەیەک کە نرخەکانی دۆلار و سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان بەردەوام بەرز دەبنەوە. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی ئێران، ڕێژەی هەڵاوسان گەیشتووەتە ٨٩ لەسەد، کە بەپێی ڕاپۆرتی سندوقی نێونەتەوەیی پارە، ئێران بەرزترین ڕێژەی هەڵاوسانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. لە ڕووی تیۆرییەوە، هەڵاوسان لە سێ ڕوانگەی سەرەکیی ئابووریدا شی دەکرێتەوە. تیۆری کینز هۆکاری هەڵاوسان بە ناهەماهنگیی نێوان داواکاریی گشتی و ئاستی بەرهەمهێنان دەزانێت. لە بەرامبەردا، میلتۆن فریدمەن، دامەزرێنەری تیۆری مۆنێتاریزم، هەڵاوسان بە دیاردەیەکی پارەیی دادەنێت و پێی وایە زیادکردنی بڕی پارە و چاپکردنی بێسنووری دراو لەلایەن دەوڵەتەوە، هۆکاری سەرەکیی بەرزبوونەوەی نرخەکانە. بەڵام لە ڕوانگەی مارکسەوە، هەڵاوسان بەشێکە لە پێکهاتەی نیزامی سەرمایەداری کە بارودۆخی قەیرانی ئابووری دەخاتە سەر شانی کرێکاران و چینە زەحمەتکێشەکان و بایەخی کار و توانای کڕینیان کەم دەکاتەوە. ئەگەر ئابووری ئێران لە چوارچێوەی ئەم تیۆرییانەدا هەڵبسەنگێنین، دەبینین کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی بەشداریان لە قووڵبوونەوەی قەیرانەکەدا هەیە؛ لەوانە سزاکانی ئەمریکا، گرانبوونی کەرەستەی سەرەتایی، نەبوونی هاوسەنگی لە سیستەمی پارە و بەرهەمهێنان، کەمیی بودجەی دەوڵەت و کاریگەرییەکانی شەڕ. تەنانەت دوای ئاگربەستیش، ڕێژەی گرانبوون بەردەوام بەرز بووەتەوە. دەوڵەتیش بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمیی بودجە، بە زیادکردنی باجە ناڕاستەوخۆکان و بەرزکردنەوەی نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، فشارێکی زیاتر خستووەتە سەر خەڵک. لەو بارودۆخەدا، زیاترین زیان بەرۆکی کرێکاران، خانەنشینان، بەساڵاچووان و چینە کەمداهاتەکان دەگرێت؛ چونکە موچە و حەقدەستەکان لەگەڵ ڕێژەی گرانیدا نەگەشاون و تەنانەت لە هەندێک بواردا کەمیشیان کردووە. ئەمەش وای کردووە توانای کڕینی خەڵک بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزێت و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکان بۆ خێزانەهەژارەکان ببێتە کێشەیەکی ڕۆژانە. هەروەها، کالابەرگیی حکومەتیش چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ قەیرانەکە نییە؛ چونکە لە بنەڕەتدا پارەی خۆی خەڵکە کە دەوڵەت بە شێوەیەکی تر دەیگەڕێنێتەوە بۆیان، لە کاتێکدا نرخەکانی خواردەمەنی و پێداویستییەکان بەردەوام بەرز دەبنەوە. بەم پێیە، هەڵاوسان لە ئێران تەنیا کێشەیەکی دارایی نییە، بەڵکوو قەیرانێکی کۆمەڵایەتی و چینایەتییە کە نایەکسانیی ئابووری قووڵتر دەکاتەوە و باری ژیان لەسەر شانی هەژاران و زەحمەتکێشان زیاتر دەکات.